# کوردستان و دەوروبەر
# هەوڵدان بۆ ئایندەیەکی ڕوون



سەرۆ قادر
saro.qadir@irdk.org

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

کوردستان بۆتە تاکە ناوچە، یان تاکە وڵاتی هاوپەیمانی ناتۆ و هێزەکانی هاوپەیمانی ناتۆ، بۆ ئەوەی بتوانن دەورێکی کاریگەری سیاسی و سەربازییان لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێ. ئەوەش بایەخێکی زیاتر لە جاران بە کوردستان دەدات، هەروەها سەربەخۆیی و دەوری کوردستان لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین دەکات.

هەر ئەوەشە کە ئێستا لە تەعدیلاتی دەربڕینە یەک لە دوای یەکەکانی سەرۆکی کوردستان بۆ سیاسەتی کوردستان لە ناوچەکەدا هەستی پێ دەکەین، ئەم تەعدیلاتانە بە مانای پێشکەوتنە بەرەو پێشەوە و پاشەکشەی تێدا نییە.

کوردستان ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر حەساسی سەربازی و سیاسی و ئیتنیکیدا دەژیەت، بەو مانایەی کەوا هەرچوار وڵاتی دەورووبەرمان کەوتوونەتە شەڕێکی قورس. لە رووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیشەوە کێشەکانیان هەروا زیاد دەکات. ئەو تەباییەی کە دەوڵەتانی دەورووبەرمان (کە بە داگیرکەری کوردستان بەناوبانگن) پیشانی دەدەن، لە راستیدا وا لەبەر یەك هەڵدەوەشێتەوە. بۆ نموونە عێراق ئێستا سێ پێکهاتەی سەرەکی تێدایە و یەکتر قەبووڵ ناکەن، ئەوانیش سوننە و شیعەی عەرەب و کورد لە هەرێمی کوردستاندا.

بارودۆخی عێراق لە ڕوانگەی هەموو هێزە دەرەکییەکان و ئەو لایەنانەی چاودێری دەکەن و دەیانەوێ چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لە کۆتایی هەر باسێکدا وەکو تاکە ڕێگا بۆ ئارامبوونەوەی عێراق و دەورووبەری دەگەن بە دابەشکردنی عێراق. ئەوەی کە پێوەندی بە سووریاشەوە هەیە لە چارەنووسی عێراق نێزیکە، لە سووریادا، کوردستانی ڕۆژئاوا سەرباری هەموو تێبینییەکانی کە هەیە، هەنگاوی بە پەلەی هاویشتووە و توانیویەتی ناوچەکانی کوردستان و ئەو بەشانەشی کە تەعریب کراون، ئازاد بکات، لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی بەشدارییەکی باشیش لە پاشەکشێ پێکردنی داعشدا بکات. هەرێمی ڕۆژئاوا، یان فیدراڵیزمی رۆژئاوا، یان هەر ناوێك کە پەیەدە لێی نابێت، ئەوە زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کورد ئێستا ئەو پارچەیە بەڕێوەدەبات.

عەلەوییەکان بە پەلە خۆیان ئامادە دەکەن لە کاتی گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا دەوڵەتی خۆیان رابگەیەنن. چارەنووسی عەرەبی سوننە و تورکمانی سوننەی ناو سووریاش ماوەتە بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان سعودیە و تورکیا، هەروەها ئەو هێزانەشی کە لە دەوروبەر بەرژەوەندیان لە هەر گۆڕانکارییەکی ناوچەکەدا هەیە، وەکو (ئیسرائیل، ئێران و ئوردن و هەروەها کوردستانیش).

تورکیا بەو کودەتایەی دوایی دەرکەوت کە ناتوانێ وەکو دەوڵەتێکی بەهێز و دەوڵەمەند بمێنێتەوە، لە کاتێکدا چواردەوری لە شەڕدایە و ئاگر دەبارێ، ئەویش سوودێکی زۆر لە ماڵوێرانی دەوروبەر بکات. رووداوی ئەم دواییەی تورکیا جیا لە تێکچوونی باری ئەمنی لە نەتیجەی پەیدابوونی کێشە لە نێوان داعش و تورکیا، ئەو تەقینەوانەی لە ئیستەنبوڵ و شارەکانی دیکەی تورکیا بە دەستی داعش روویاندا، خودی کودەتاکەش نیشانی دا کە لە سەرکردایەتیی عەسکەری و سیاسیی تورکیادا جیاوازیەکی زۆر هەیە، ڕوانگاکانیان زۆر لێکدوورن، هەروەها ئایندەی تورکیا دیار نییە. دیار نییە ئاخۆ سوپا هەڵدەگەڕێتەوە، یان نا، ئەلتەرناتیڤی دیکە دێنەپێش، یان ئەوەتا فەرمانڕەوایی ئەردۆگان بە شێوەیەکی دیکتاتۆرییانە بە سەر هەموو تورکیادا باڵ دەکێشێ. ئەوەش بۆخۆی دەرهاویشتەی دیکەی دەبێ.

لە هەموو حاڵەتێکدا هەریەك لەوانەی کە باسم کرد لە تورکیادا روو بدەن، ئەوا بە گوێرەی ئەو ئاماژانەی کەوا هەن، ئەو دەسەڵاتە ناداتەوە بە تورکیا کە تەنانەت ناوخۆی تورکیاش بە باشی کۆنترۆڵ بکات، چ جای دەورووبەری خۆی و هەبوونی ستراتیژی دەرەوەی تورکیا. ئێستا تورکیا لە هەبوونی ستراتیژیەت بۆ ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەڵات و ئەورووپا پاشەکشەی کرد بۆ پاراستنی لانی هەرە کەم، کە ئەویش بریتییە لە پاراستنی خۆی. لە پاراستنی خۆشیدا لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش نییە، لە نێوان پەکەکە و هێزە کوردییەکان و حکوومەتی تورکیادا هیچ روانگایەکی هاوبەش نەماوە و پرۆسەی ئاشتییان بەستووە. بۆیە دەبێ چاوەڕێ بین کە ئابووریی تورکیاش زۆر بە خێرایی کاریگەری لەم دۆخە لێکهەڵوەشاوە وەربگرێ. دەستی تورکیا لە شەڕەکانی سووریا و پەکەکە و بەشداری لە عێراقدا زۆر لاواز دەبێ.

ئێران کە شەڕکەری سەرەکییە لە بەرانبەر ئەورووپا و ئەمەریکادا، هەروەها خۆی بە دوژمنی سەرەکی سعودییە دەزانێ و سعودییەش بە هەمان شێوە. ساڵی پار باسی ئەوەمان کرد کەوا ئێران پاشەکشەی پێکرا لە شەڕەکان بەرەو سنوورەکانی خۆی، لە لوبنان و سوریا و لە یەمەن، هەروەها لە عێراق پێگەی ئێران یەکجار زۆر لاواز بووە. هێزەکانی ئێرانی لەو وڵاتانەدا ئەگەر مابیشن ئەوا بە شێوەی راوێژکاری سەربازی زیاتر ماون. تەکنۆلۆژیای سەربازی ئێران دەورێکی زۆر لاوازی نیشاندا، بەتایبەتی هێزی هەوایی و دەریایی ئێران نیشانی دا کە لەو شەڕەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە هیچ دەورێك نابینن و گرنگیشی نییە.

ئەمساڵ بە ددانپێدانانی سەرکردە سیاسی و سەربازییە گەورەکانی ئێرانی، لەسەر ئاستی وەزیری پاسداران و وەزیری جەنگ و راوێژکارە سەرەکییەکانی رەهبەری جمهوری ئیسلامی ئێران، دەڵێن کەوا شەڕ

کەوتۆتە ناو خاکی ئێران بۆخۆی. ئەوان باسی شەڕ لە کوردستان و خوزستان و بەلوچستان دەکەن. تۆنی دەنگی سەرکردە سەربازییەکانی ئێران جۆرێك لە ترسی پێوە دیارە، ئەوان دەڵێن زانیارییان هەیە کە هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی لە پشتەوەی ئەم شەڕە ناوخۆییە بچووکانەوە بن، کە لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە خێرایی گەورەتر ببن. بەوەش تەواوی ئێران بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن. دەبێ ئێمە چاودێری و لێکۆڵینەوە لەسەر دوای ئەم شەڕانە لەناو ئێران بکەین، تا بزانین بەشەکانی تری ئێران کاردانەوەیان چۆن دەبێت. ئایا ئێران خۆی دەگرێت؟ تەجرەبەی سووریا دووبارە دەکاتەوە؟ وەکو تورکیای بەسەر دێت؟ یان وەکو میسری لێدێت. جارێ دیار نییە، یان لەوانەیە نموونەیەکی دیکە پێشکەش بکات. لە هەموو حاڵەتێکدا ئێران لەو پێگەیە دەرچوو کە وەکو هێزێکی نێودەوڵەتی کەس نەتوانێ پاشەکشەی پێ بکات و هیچ کەسێك، یان هێزێك نەتوانێ پەل باوێتە ناو ئاسایشی ناوخۆی. ئەمە کاردانەوەی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت.

ئێمە لە مانگی رابردوودا بینیمان کە ئێران زۆر بە جددی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها هەرێمی کوردستانی لەگەڵ سعودییە و ئیسرائیل جووتکردووە. لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە هیچ کێشەیەکی عەسکەری و سیاسی لەگەڵ ئێران نییە، هەروەها خۆیشی ناگلێنێتە هیچ کێشەیەکی داهاتوو، بەڵام سەرباری ئەوەش هەر گۆڕانکارییەك بەسەر ئێراندا بێ، ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەم دەورەی کە کوردستان لە داهاتوودا دەیبینێ. هەر بۆیە سەرکردایەتی کوردستان، ستراتیژیی سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئەوەیە کە لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ژمارە یەکدا دەبێ بۆ هەر ئەلتەرناتیڤێك کە لە داهاتوودا پێشنیار بکرێ لە نێوان کوردستان و عێراقدا. لە هەمان کاتدا کوردستان بەردەوام هەوڵ دەدات تێگەیشتنی لەگەڵ تورکیا و ئێران هەبێ و کێشە ناوخۆییەکانی ئەوان نەبەسترێنەوە بە دەوری هەرێمی کوردستان، یان بەو دەورەی کوردستان ئێستا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەیبینێ. وەك دەبینین ئێستا هێزەکانی نێودەوڵەتی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ کوردستان فراوانتر کردووە، هەروەها لە هەموو رووپەکەوە رایانگەیاندووە کەوا یارمەتی بۆ کوردستان زیاتر دەکەن و بوونیان لە کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش و رێکخستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەکەن.

لە راستیدا کوردستان بۆتە تاکە ناوچە، یان تاکە وڵاتی هاوپەیمانی ناتۆ و هێزەکانی هاوپەیمانی ناتۆ، بۆ ئەوەی بتوانن دەورێکی کاریگەری سیاسی و سەربازییان لە داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێ. ئەوەش بایەخێکی زیاتر لە جاران بە کوردستان دەدات، هەروەها سەربەخۆیی و دەوری کوردستان لە داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین دەکات.

هەر ئەوەشە کە ئێستا لە تەعدیلاتی دەربڕینە یەك لە دوای یەکەکانی سەرۆکی کوردستان بۆ سیاسەتی کوردستان لە ناوچەکەدا هەستی پێ دەکەین، ئەم تەعدیلاتانە بە مانای پێشکەوتنە بەرەو پێشەوە و پاشەکشەی تێدا نییە.

لە کوردستاندا ئەوەی کە هەستی پێ دەکرێ لێکتێگەیشتنی ناوخۆیی گرنگییەکی زۆری هەیە، ئێستا وا خەریکە واقیعی ژیان بەسەر هەموو حزبەکانیدا دەسەپێنێ کەوا دەبێ لە دەرەوەی بەرژەوەندی حزبی و تاکەکەسی کە لە سەرکردەکاندا هەیانە، بۆ دابینکردنی چارەنووسی کوردستان لێکتێگەیشتن زۆرتر ببێ و بەیەکەوە کۆببنەوە. هەر ئەوەش وا دەکات کە دەکرێ چاوەڕوان بین لە داهاتوویەکی نزیکدا و بە شێوەی جیا جیا گفتوگۆ لەنێوان لایەنەکان دەست پێبکات. ئەگەر کارێکی ئاوها رووبدات ئەوا نیشانەی زیندوویێتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە. چونکە چارەنووسی هەموو پارچەکانی کوردستان و هەموو هێزە کوردستانییەکان یەکە، لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی و تاکەکەسیی هیچ حزبێك و هیچ کەسێك ناتوانێ لەم بارودۆخی عەسکەری و سیاسییەی کە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا دەژیەت، هیچ شارێکی کوردستان لە هەرێمی کوردستان داببڕێت، هەروەها ناتوانێ هیچ ڕوانگایەکی دیکەی دەرەوە بێنێتە ناو ئەو ئەلتەرناتیڤەی کە بۆ داهاتووی کوردستان خەریکە رێککەوتنی لەسەر دەکرێت...

هەربۆیە هەر ریسکێك بۆ شێواندنی هەرێمی کوردستان، من پێموایە لە داهاتوودا جگە لە تێکشکانی ئەو کەس و لایەنەی کە خولیای ئەوهایان لەسەردا هەبێ، هیچی دیکەیان پێنابڕێ.

بۆیە ئێستا هەموو سیاسەتمەدارەکانی کوردستان و حزبەکان و هەموو کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو

ڕۆشنبیرانەی کە توانای بیرکردنەوە و بەشداریکردنیان هەیە لە دروستکردنی ڕوانگە بۆ داهاتووی کوردستان، دەبێ بە دوای خاڵە بەهێزەکانی ئێستای کوردستاندا بگەڕێن. ئەو خاڵە بەهێزانە ڕوون بکەنەوە و هەموو لایەك دەست بەم خاڵ و لایەنە بەهێزانەوە بگرێت کە کوردستان لەم بارودۆخە نوێیەدا هەیەتی.

پێموایە لە ڕاستیدا سێ لایەن، یان سێ خاڵی بەهێز دەکرێ لە پێگەی ئێستای کوردستاندا دەستنیشان بکرێ.

یەکەم: هەبوونی سوپایەکی بەهێزە بە ناوی پێشمەرگە، کە ئێستا هاریکاریی نێودەوڵەتی بۆ دابین کراوە.

دووەم: هەبوونی سەرۆکێکی بەرچاو ڕوون و زانایە و فەرماندەیەکی عەسکەری بەهێزە بە ناوی بارزانی، کە جێی متمانەی ناوخۆ و نێودەوڵەتییە.

سێیەم: هەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە سەرباری هەموو ئاستەنگەکان توانیویەتی وەکو حکومەتێك بمێنێتەوە، ئێستا خەریکە وردە وردە دەتوانێ پێویستییە داراییەکانی هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە ئەندازەی هەرە کەمیش بێت دابین بکات و نەهێڵێ شیرازەی ئیداری و پێوەندییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لێك هەڵبوەشێت. لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی دەستی داوەتە بیرکردنەوە لە چاکسازی کردن لە ئەدای حکومەت و لە سیستەمی ئیداری وماڵیدا، کە من پێموایە لە داهاتوودا و ئەگەر ئەو داهاتووە زۆر نێزیکیش نەبێ، بەو ڕێنوێنییانەی کەوا سەرۆك بارزانی تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە و ئەو هاریکارییە نێودەڵەتییەی هەیە، نێچیرڤان بارزانی دەتوانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو چاکسازییەکی باش بەرێ. بەڵام ئەوە پێویستی بە بەشداری و هاریکاری هەموو لایەنەکان هەیە.

لەبەر ئەم سێ هۆکارەی کە باسم کردن (پێشمەرگە، سەرۆك و حکومەتی هەرێمی کوردستان) پێویستە حزبەکانی کوردستان هاوکارییان بکەن، ئەو هاوکارییەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانی بێت، نەك لەسەر بنەمای ئەوەی حزبەکە بەشدار دەبێت لە حکومەت، یان سوود و قازانجی ئەو حزب و فڵانە کەس لە دارایی کوردستان چەند دەبێت.

من پێم وایە هەموو حزبەکان بەبێ جیاوازی، لە هەرە بچووك تا گەورەکان بەرپرسیارێتییان هەیە لەبەردەم شناسایی کردنی ئەم سێ لایەنەی کە باسم کردن، هاوکاری کردنیان و بەشداری کردن لە دروستکردنی یەك پارچەیی ناوخۆیی.

ئەگەر من کورتی بکەمەوە و بە پوختی بمەوێ ئارمانجی خۆم دەرببڕم، پێموایە داهاتووی عێراق، داهاتووی تورکیا و ئێران، داهاتوویەکە کە ناتوانێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەوری جوگرافییان، واتە دابەشبوونیان، یان مانەوەیان، دەوری سەربازییان و ئەو ستراتیژییەی کەوا هەیانبوو، یان لەگەڵی تێکەڵ ببوون، هەموو ئەوانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەم گۆڕانکارییانە وایان لێدەکات کە بە واقیعبینییەوە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتێکی بەهێز بکەن کەوا بە کردەیی دەستی پێ کردووە و لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی دەکرێ، لەناوخۆشیدا زۆر بە ئیرادە و بە هێزەوە خۆی بەڕێوەدەبات، ئەویش کوردستانە.

کوردستان سەرباری هەموو کێشەکانی لە ناوخۆ و لە ڕووی سەربازیشەوە لە دەرەوەش هەیەتی، بەڵام بە خێرایی وا گەشە دەکات، کە بە خێرایی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ زیاد دەبێ، هەروەها بە خێراییش خەریکە ئاسۆی ئەم نەخشە سیاسییەی کە دەوڵەتی داهاتووی ئێمەی لەسەر بنیاد دەندرێ ڕۆژ بە ڕۆژ دەردەکەوێ و دروست دەبێ. جگە لە لەیەك تێگەیشتنی حزبەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لێکتێگەیشتنی حزبەکانی سێ پارچەکەی دیکەش بەتایبەتی حزبە سەرەکییەکان لە ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵات لە یەکتری و لە هەستکردن بە دەوری ئەوانیش لە داهاتوودا زۆر گرنگە. ئەمە هەمان گرنگیی ڕوانگەی نیشتمانپەروەرانەی حزبەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە.

گەر حزبەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نیشتمانی هاوکاریی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوا حزبەکانی سێ پارچەکەی تر لە ڕوانگەی دەوری کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوری ئەم کوردستانە بەهێزە لە گۆڕانکاری لە داهاتووی ئەوانیشدا هەڵبسەنگێنن و هاوکاری بکەن و لە نزیکەوە لێکتێگەیشتن هەبێت. ئەمە پێویستییە هەرە ژیارییەکانی ئێستای کوردستانن. نیشتمانپەروەری لە هەڵکشانی سیاسییەکاندایە بەرەو پاراستنی دەستکەوتەکانی وڵاتەکەیان. نەك نەخشەکێشان بۆ شکاندنی ئێسقانی یەکدی.

---

*بەڕیوەبەری ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان (IRDK)



هاوسەنگیی هێز بە سندوقی دەنگدان دەگۆڕێت

# نەک بە هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی دەعوە و نوری مالیکی

# وەرچەرخانی هێز و دەرکەوتنی توخمی تازە لەناو هاوکێشە سیاسییەکاندا

**عەبادی-یش هەمان سیاسەتی حزبی دەعوە پیادەدەکات کە نوری مالیکی سەرۆکیەتی و ناتوانێت لەو سیاسەتە دەربچێت کە حزبی دەعوە پیادەی دەکات، بۆیە هەتا سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق بە دەست حزبی دەعوەی عێراقەوە بێت، داعش چەند ترسناک و مەترسیداریش بێت، ئەوا لە چاوی سوننەی عێراقدا هێشتا بەرامبەر سوننە داعش لە حزبی دەعوە باشترە**

**سیاسەت و ڕەفتارەکانی مالیکی بەرامبەر کوردستان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانی بەرامبەر عەرەبی سوننە باشتر نەبووە، ئەو کاتێک فەرماندەی هێزی دیجلەی لەسەر شێوازی فەرماندەی هێزی بەغدای سەردەمی ژەنەڕاڵ پەتریۆس دروستکرد، ئامانجی ئەوە نەبوو سەقامگیری لە کەرکووک و دەوروبەری دروست بکات، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو کەرکووک داگیربکاتەوە**

**ئەو کاتەی نوری مالیکی توانیویەتی وەک سەرۆک وەزیرانێکی سەرکەوتوو دەربکەوێت، بە کردەوە خۆی سەرۆک وەزیران نەبووە، بەڵکو تەنیا فەرمانبەرێکی بەردەستی ژەنەڕاڵ پەتریۆس بووە کە توانی لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ ڕێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق لە میانەی دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بۆ سوننەی عێراق تێکبشکێنێت**

جارێکی دیکە حکومەتی ناوەندی لە بەغداوە ناتوانێت حوکمڕانی عێراق بکات، لەبەر ئەوەی حزبی دەعوەی عێراقی بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی و ئێستاش حەیدەر عەبادی لەژێر سێبەری مالیکدا بە هەمان ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێت کە نایانەوێت عێراق بوونی هەبێت و عێراقیش بوونی نەماوە، بۆیە گرەوکردن لەسەر عێراق بەگشتی و لەسەر نوری مالیکی و حزبی دەعوە بەتایبەتی هەر لە سەرەتاوە گرەوێکی دۆڕاوە، هەرکەس و لایەنێکیش بیەوێت مالیکی و حزبی دەعوە وەك هێزێکی سەرەکی و کاریگەر لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بۆ گەلی کوردستان بخاتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا لەژێر سێبەری مالیکی و حزبەکەیدا نمایشی ماسوولکەی هێز بەرامبەر پارتی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە جیا لەوەی شەڕی خۆترێن دەکات، لە هەمانکاتدا لەوەش بێ ئاگایە کە ئێستا بە ئاگاداری و ڕەزامەندی ئەو حکومەتەی کە حزبی دەعوا هێزی سەرەکییە تیایدا و نوری مالیکی سەرۆکی ئەو حزبەیە، ئەوا ئەمریکا وەك سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، وەك ئەندامێکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات و، لەسەر ئاستی پێنتاگۆن یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئیمزا دەکات.

ئەم وەرچەرخانەی هێز کە لە جیهاندا لەسەر چەندین ئاست بوونی هەیە و لە پرۆسەی سیاسی عێراقیشدا بە راشکاوی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەوا نەك هەر هەندێك لە حزب و سیاسەتمەداری کوردستان لێی ناحاڵین، لە هەمانکاتدا حزبی دەعوە و خودی مالیکیش ناوێرن راشکاوانە ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی هێز بۆ سەرکردایەتی حزبەکەی خۆشیان باس بکەن، ئەمە تانووتێکی سیاسی نییە لە حزبی دەعوە، یان ئەوانەی لە کوردستانەوە بە تازەکردنەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی دەعوە و مالیکی سەرخۆشن، بەڵکو ئەمە ئێستا لە واقیعدا بوونی هەیە. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە تویت و پۆستەکانی کادرە باڵاکانی حزبی دەعوەی عێراق بدەین، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئیمزاکردنی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و پێنتاگۆن-دا، ئەوا وەك دەبینین پەرلەمانتار و ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی دەعوە لە بێ ئاگایی خۆیان دەڵێن: ئەو ڕێککەوتنە پێشێلکردنی سەروەریی عێراقە و هەنگاوێکە بۆ جیابوونەوەی عێراق لە کوردستان، لە بەرامبەردا ئەوانەشی لە کوردستانەوە بە پشت بەستن بە هاوپەیمانی حزبی دەعوە و مالیکی دەیانەوێت هەموو شتێکی کوردستان بێ بایەخ بکەن، ئەوانیش لە تویت و پۆستەکانی فەیسبووکدا دەڵێن: ئینجا ئەو ڕێککەوتنە چییە لەگەڵ فەرمانبەرێکی پێنتاگۆن کراوە؟ ئەمە لە کاتێکدا خودی ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە راستەوخۆ بە سەرپەرشتی ئەشتون کارتەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە و هەر خۆیشی ئەم پرسەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا باس کردووە و پاش ئەوەی بەغدا رازی بووە، خاتوو ئەلیسا سلۆکتین یاریدەدری ئەشتون کارتەر بە نوێنەرایەتی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئیمزا کردووە.

ئەوجا بۆ ئەوانەی لە بایەخی ئەم وەرچەرخانەی هێز تێناگەن، دەڵێین: ئەم ڕێککەوتنە دوو ڕەهەندی زۆر گرنگی هەیە کە بریتین لە لایەنی (سەربازی و ئابووری)، سەبارەت بەلایەنی سەربازی ئەمە دانپێدانانێکی گەورەی ئەمریکایە بە پێشمەرگە وەك سوپایەکی نیزامیی کوردستان، پێنتاگۆن لەگەڵ هیچ هێزێکی سەربازی ڕێککەوتن ئیمزا ناکات کە سوپای نیزامی نەبێت، یان مەرجەکانی سوپای نیزامی تێدا نەبێت. تەنانەت تایوان کە لە ساڵی ١٩٤٥- ١٩٧١ بە فەرمی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە، خاوەنی سوپا و دامەزراوەی دەوڵەتی خۆشیەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی چین رازی نییە، پێنتاگۆن نەیتوانیوە ڕێککەوتنی سەربازی لەگەڵ تایوان ئیمزا بکات. بۆیە ئەگەر تایوان کە لە ساڵی ١٩٤٩ـەوە هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ چین نەماوە و تا ساڵی ١٩٧١یش هەر تایوان نوێنەرایەتی هەموو چینی کردووە بە ناوی (چینی نیشتمانی)، ئێستا ئەمریکا نەتوانێت ڕێککەوتنی سەربازی لەگەڵ تایوانێك ئیمزا بکات کە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە (WTO)، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە سەربازییەی نێوان پێنتاگۆن و وەزارەتی پێشمەرگە، سەرەتایەکی گرنگە بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

**● چۆن ئەمریکا ئەو یاداشتی لێکتێگەیشتنەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا کرد**

پێش ئەوەی ئەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە لە نێوان هەرێمی کوردستان و پێنتاگۆن ئیمزا بکرێت، لە یەك دوو مانگی رابردوو، شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامیەتی هەر یەك لە کەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت و فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمریکایان کرد، لە ژمارەی رابردووی گوڵان-دا خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، هەندێك لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی شاندەکەی بۆ باس کردین، بەڵام ئەوەی خۆمان راستەوخۆ لە میانەی ئەو کۆڕانەی بۆ شاندی کوردستان لە دامەزراوەی بەرگریکردن لە دیموکراتی و لە ئامۆژگای وۆردۆ ویلسن بۆیان رێکخرابوو، گوێمان لێ بووە، شاندەکە چۆن باسی بارودۆخی کوردستانیان کردووە، لەمیانەی ئەو کۆڕانەدا قوباد تاڵەبانی راشکاوانە باسی خراپی باری دارایی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوەکرد راستە لە پرۆژەی چاکسازی حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قەیرانە بەشێکی پارەی فەرمانبەرانی کوردستان گل دەدەینەوە و دەستکاری مووچەی پێشمەرگەمان نەکردووە، بەڵام حکومەتی کوردستان ئەو ئیمکانیەتەی نییە کە بتوانێت هەموو مانگێك لە کاتی خۆیدا مووچەی پێشمەرگە بدات، سەبارەت بە چارەسەرکردنی باری دارایی کوردستانیش دیسان جێگری سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوە کرد جیا لەوەی لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی ئەم باسەمان لەسەر پێشمەرگە کردووە، ئەوا هەمان قسە و باسیش لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی دەکەین بۆ ئەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەبەر چاوبگرن و هەر قەرزێك دەدەن بە عێراق، دەبێت پشکی کوردستانی لێ جیابکرێتەوە، لەمەش زیاتر وەزیری پێشمەرگەش بەوەکالەت زۆر راشکاوانە باسی ئەوەی کرد، باری دارایی هێزی پێشمەرگە بە رادەیەك خراپە، بۆیە پێشمەرگە کاتێك مۆڵەت وەردەگرێت، ناچاردەبێت بۆ بژێوی خێزانەکەی کاربکات و زۆرجار ئەم ناچارییە وادەکات نەگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ، بۆیە ئەگەر کار وابڕوات، بەرەکانی هێزی پێشمەرگە بەرامبەر بە داعش بەرەو لاوازی دەڕوات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی مەترسی لەسەر کوردستان.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە قسەکانی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت بدەین، راشکاوانە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، کە ئەوان وەك شاندی باڵای هەرێمی کوردستان چوون لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لەگەڵ دوو ناوەندی زۆر گرنگ لە جیهاندا قسە بکەن.

یەکەمیان: ئەمریکا وەك سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی سەرەکی ئەو هاوپەیمانییەیە لەسەر زەوی.

دووهەمیان: بانکی نێودەوڵەتی کە گەورەترین دامەزراوەی بانکییە لە جیهاندا، لەمەشدا راشکاوانە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی قسەیان کردووە کە دەبێت لە سەنتەری بانکەکەوە پشکی کوردستان لەو قەرزە جیابکرێتەوە کە بە عێراق دەرێت.

سەبارەت بەم دووپرسە و یەکەمیان کە پرسی پێشمەرگەیە، ئەوا وەك بینیمان ئەمریکا بە رەزامەندی بەغدا راستەوخۆ یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ کوردستان ئیمزا کرد، سەبارەت بە دووهەمیشیان وەك وەزیری دارایی عێراق دەقی رێککەوتنەکەی نێوان عێراق و بانکی نێودەوڵەتی بۆ پێدانی قەرز بە عێراق خوێندەوە، گوێمان لێ بوو، لە ناو رێککەوتنەکەدا پشکی کوردستان لە بڕی ئەو قەرزەی دەدرێتە عێراق جیاکراوەتەوە.

ئەگەر وەك چاودێرێکی سیاسی لە وەڵامدانەوەی ئەمریکا و بانکی نێودەوڵەتی بۆ هەردوو پرسی گرنگی (پێشمەرگە و دارایی) ورد ببینەوە، ئەوا دەبینین ئەو لایەنە سیاسییانەی کوردستان کە دەیانەوێت بارودۆخی ئێستای کوردستان بقۆزنەوە و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە کوردستان دروست بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، ئەوا چەکی دەستیان ئەو دووخاڵە لاوازەیە، یەکەمیان ئاژاوەی ناوخۆیی دروست بکەن بۆ ئەوەی پێشمەرگە وێڕای نەبوونی مووچە و پێداویستی، ورەشی نەمێنێت لە بەرەکانی شەڕ، دووەمیان یاریکردن بە نەهەماتی و قووتی رۆژانەی خەڵك وەك ئێستا رۆژانە گوێمان لەو دەهۆڵە دەبێت کە لێی دەدەن و دەڵێن: «پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو سەرچاوەی داهاتی کوردستانی قۆرغ کردووە و پارەی لەبەر دەستە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان نادات»!

**ئەگەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، لە خولی یەکەمی کابینەکەیدا توانیبووبێت کە وەک سەرۆک وەزیرانێکی بەهێز خۆی پیشانی ئەمریکا و جیهان بدات، بەڵام لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شەوی ٣١ی دیسەمبەری ٢٠١١ و تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا سەلماندی ئەو سەرۆک وەزیرانێکی فاشیلە و ئەو دەوڵەتمەدارە نییە بتوانێت وڵات بەڕێوەبەرێت**

**لە ئێستادا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعشدا هەموو سەرەداوەکان هاتوونەتەوە لای بارزانی، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی کوردستان، هەندێک سیاسەتمەداری لۆکاڵ کە تائێستاش بە ئەقڵیەتی شەڕی سارد بیردەکەنەوە، دەیانەوێت ئەو راستییە نەبینن کە ئەو هەرێمەی بارزانی رێبەرایەتی دەکات، نە مەرجی تێدا دەسەپێندرێت و نە بە تیۆری پیلانگێڕیش هاوسەنگیی هێزی تێدا دەگۆڕێت، تەنیا رێگەیەک بۆ گۆڕانکاری، ئەو رێگەیەیە کە بارزانی دەستنیشانی کردووە، ئەو رێگەیەش سندوقەکانی دەنگدان و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە**

**هەر هەوڵێک ئەوجا ناوخۆیی بێت، یان دەرەکی کە سەرەنجام ببێتە هۆکاری ئەوەی سەقامگیری ئەمنی و سیاسیی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعە تێک بدات، ئەوا بە هێڵی سوور دادەنرێت و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەڵوێستی لەسەر وەردەگرێت**

**لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نە چیتر هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و نە چیدیکەش کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، هەر بۆیە مانەوەی ئەم دەوڵەتە (دیارە لە ئێستادا وەک ئەمری واقیع) بەمجۆرە، بۆ ئەوەیە هەموو لایەک بگەنە قەناعەت، بەتایبەتی دەوڵەتانی ئیقلیمی کە ئەم دەوڵەتە پێویستە بە ئاشتی ددانی پێدابنرێت**

**چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان ناتوانن کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت پێناسە بکەن، ئەو دەوڵەتەشی کورد بە ئەمری واقیع دروستی کردووە، نەک نابێتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ لایەک، بەڵکو دەروازەیەکی گەورەش دەکاتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە مەترسی تیرۆر رزگار بکات و مودێلێکی تازەیە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ بۆ ئەوەی هەم بتوانێت خاکەکەی لە هێرشی تیرۆریستان بپارێزێت، هەمیش بتوانێت پێکەوە ژیانی نیوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بپارێزێت و پەرەی پێبدات**

سەرنج بدەن سەرۆکی ئەو شاندەی ئەم راستییانەی بۆ بانکی نیودەوڵەتی و بەرپرسانی ئەمریکی روونکردۆتەوە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبووە، بەڵکو قوباد تاڵەبانی کادری دیار و پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و کوڕی جەلال تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی عێراق و ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، لەوانەیە پێدانی قەرز بە حکومەتی ناوەندی عێراق لەبەر ئەوە بێت، نرخی نەوت دابەزیوە و عێراق ئەو وڵاتەیە لە شەڕێکی گەورەی تیرۆریستانی داعشدایە، بەڵام ئایا جیاکردنەوەی پشکی کوردستان لەو قەرزە لەسەر چ بنەمایەکە؟ بێگومان ئەوانەی شارەزای پێدانی قەرزی بانکی نێودەوڵەتین بە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، ئەوە دەزانن ئەگەر بانکی نێودەوڵەتی ناچار بێت لەبەر شەڕ قەرز بداتە عێراق، ئەوا ناچار نییە لەبەر هەمان هۆ پشکی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا جیابکاتەوە، بەڵکو جیاکردنەوەی پشکی کوردستان لەو قەرزەی کە دەدرێتە کوردستان هۆکاری دیکەی هەیە، لەوانە:

١. بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە راستە بووە هۆکاری ئەوەی کاریگەری گەورە لەسەر بژێوی ژیانی هاووڵاتیان دروست بکات، بەڵام بە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و سیاسەتی لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی گەورە بوو بۆ داڕشتنی سەرەتایەکی گرنگ بۆ ئابورییەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان، ئەم خۆڕاگرییەی حکومەت و گەلی کوردستان جێگەی بایەخی بانکی نێودەوڵەتی بووە.

٢. مەرجێکی دیکەی بانکی نیودەوڵەتی بۆ قەرزپێدان بە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو، هەوڵەکانە بۆ چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، دیارە بانکی نێودەوڵەتی بە ئیجابی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ریفۆرمی ئابووری، سەیرکردووە، بۆیە بڕیاری داوە لە سەنتەری بانکەوە پشکی کوردستان جیابکاتەوە، نەك پرسەکە بدرێتە دەست عێراق و دیسان یاری پێبکاتەوە.

## ● ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان وەك هێزێکی کاریگەر و سەرەکی

لەگەڵ جیابوونەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق لە رێکخراوی ئەلقاعیدەی سەرەکی و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئەم رێکخراوە تازەیە لە سەرەتای ٢٠١٤ لەسەر چەندین ئاست ستراتیژیەتێکی جیاوازی لە ستراتیژیەتی ئەلقاعیدەی سەرەکی راگەیاند و پیادەی کرد، لەوانە:

١. لای رێکخراوی ئەلقاعیدە دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەولەوییاتی بەرنامەی کاریان نەبوو، ستراتیژیەتی ئەلقاعیدە بەو جۆرە بوو کە دوای ئەوەی رۆژئاوا تێکدەشکێنن بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بکەنەوە، بەڵام رێکخراوی تیرۆریستی داعش لەگەڵ جیابوونەوەی لە ئەلقاعیدە، وەك دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام خۆی راگەیاند و هەر لەگەڵ کەوتنی موسڵیش لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ داعش خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند.

٢. ستراتیژیەتی ئەلقاعیدە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی جەختکردنەوە بوو لەسەر رۆژئاوا و لێدانی ئەو سیمبولانەی کە رۆژئاوا شانازی پێوە دەکەن. ئەوەی ئەلقاعیدە بەرنامەی بۆ دانابوو بریتی بوو لە تەقاندنەوەی (بورجی ئیڤل لە فەرەنسا) تەقاندنەوەی (کاتژمێری بیگ بن لە بەریتانیا)، تەقاندنەوەی (پەیکەری ئازادی لە ئەمریکا)، هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠٠١یش هەردوو باڵەخانەی سەنتەری بازرگانی جیهانیان تەقاندەوە وەك سیمبولی گلۆبالیزم و هەروەها کۆتاییهێنان بە چەمکی حکومەتی گلۆباڵی. بەڵام رێکخراوی داعش، ئەم ستراتیژەی تەواو پێچەوانە کردەوە و زۆنی چالاکییە تیرۆریستییەکانی گواستەوە بۆ رۆژهەڵات بەگشتی و عێراق و سووریا بەتایبەتی، لەمەش زیاتر شێوازی ئەنجامدانی کارە تیرۆریستییەکانی لە شێوازی تەنیا خۆتەقاندنەوە، گۆڕی بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی بینایە و شوێنە گشتییەکان لەناو شارەکاندا، وەك هێرشەکەیان بۆ سەر ئاسایشی هەولێر و کۆنترۆڵکردنی سۆپەرمارکێتێك لە شاری کەرکووك و چەندین شێوازی دیکە لە شارەکانی دیکەی عێراقدا.

٣. لە ستراتیژیەتی قاعیدەدا، دوژمنی سەرەکی بریتییە لە رۆژئاوا، بەڵام داعش دوژمنی سەرەکی

گۆڕی بۆ تائیفەی شیعە و ڕۆژئاوای کردە دوژمنێکی لاوەکی، بۆیە بە دڕندانەترین شێوە لە شیعەی دا، بە هەمان شێوە شیعەش وەك ئەوەی ئایەتوڵا سیستانی داوای کرد، هەموو شیعە چەك هەڵبگرێت و بەرگری لە شیعە بکات و پاشان حەشدی شەعبی لێ دروست بوو، ئەمە بێجگە لە دەستێوەردانی ئێران و حزبوڵا بە ئاشکرا بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی ڕژێمی ئەسەد و هاوکاری ڕاستەوخۆی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراقدا.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە گۆڕینی ئەو ستراتیژیەتەی و گۆڕینی شێوازی کارە تیرۆریستییەکانی لە کاری گروپی و تاکەکەسی و خۆکوژییەوە بۆ کاری گروپی گەورەی خۆکوژی و داگیرکردنی شوێنە گشتییەکان، واقیعێکی تازەی دروستکرد بەوەی هیچ هێزێکی ئاسایش و پۆلیس و سوپا، ناتوانێت ڕووبەڕووی هێزەکانی داعش بوەستێتەوە، یان داعش تێکبشکێنێت، لەناو ئەم واقیعەدا و پێش ئەوەی شەڕی داعش وەك شەڕی دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەست پێبکات، هەڵۆکانی ئاسایشی کوردستان توانیان بە شەڕی دەستەویەخە و باوەشکردن بە خۆکوژەکانی داعشدا، ڕێگری بکەن لەوەی تیرۆریسانی داعش بتوانن بارەگای ئاسایشی هەولێر داگیربکەن، بەڵام پێشتر بەندیخانەی ئەبوغرێب کە شێوەی سەربازگەیەکی گەورەی هەیە، داعش توانی ئەو بەندیخانە گەورەیە کۆنترۆڵ بکات و زیندانییەکانیش ئازاد بکات. ئەو بەرگرییەی هێزەکانی ئاسایش لە بۆ پارێزگاری لە بینایەی ئاسایشی هەولێر ئەنجامیاندا، وایکرد داعش بیر لە چالاکی هاوشێوەی دیکە لە پارێزگاکانی کوردستان نەکاتەوە، هەتا ئەو کاتەی موسڵ کەوت و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی-یان ڕاگەیاند، دوای ئەمەش شێوازی شەڕکردن لەگەڵ داعش لە ڕووبەڕووبوونەوەی گروپێکەوە، گۆڕدرا بۆ شەڕکردن لەگەڵ سوپایەکی گەورەی پڕچەك بە چەکی مودێرنی دەوڵەتێکی تیرۆریستی.

بە کەوتنی موسڵ و خۆبەدەستەوەدانی پێنج فیرقەی عێراق بە هەموو چەك و تەقەمەنی و ئامێر و کەلوپەلی سەربازی مۆدێرنەوە و لە سووریاش داعش نەك هەر توانی دەست بەسەر چەك و تەقەمەنی چەندین فیرقەی سەربازیدا بگرێت، بەڵکو توانی فڕۆکەخانەش داگیربکات و فڕۆکەی شەڕکەریشی بکەوێتەدەست، ئیدی ئەو قەناعەتە لای هەموو جیهان دروست بوو، کە سوپای تەقلیدی ناتوانێت ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە و هەر لەسەر ئەم قەناعەتەش بوو دوای ئەوەی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانان بڕیاریاندا هێرشی سەربازی بکەنە سەر داعش، بەڵام نەیانتوانی سەرباز بنێرن بۆ شەڕەکە و لەسەر زەوی شەڕی داعش بکەن. لەمەش زیاتر ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گەیشتبوونە قەناعەتێکی هێندە ڕەشبین، بەوەی کە تەنانەت ئەگەر هەوڵیش بدەن، دووبارە سوپای عێراق ڕێکبخەنەوە و چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی پێویستیشی بۆ دابین بکەن، ئەوا ئەو سوپایە هەر لە بەردەم داعشدا خۆی ناگرێت.

ئەگەر سەرنج لە ماوەی مانگی حوزەیرانی — مانگی ئابی ٢٠١٤ لە شەڕی دژی داعش بدەین، ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانان نەیاندەزانی بە چ ستراتیژێك ڕووبەڕووی ئەم دیاردە تازەیەی شەڕی تیرۆریستان ببنەوە، هەتا لە ئابی ٢٠١٤ ڕێکخراوی داعش کە لە ئەوپەڕی غووروری سەرکەوتنەکانی خۆیدا بوو، هێرشی کردە سەر کوردستان و توانی لە چەندین شوێنەوە پێشڕەوی بکات، بەڵام کە سەرۆك بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دا و خۆی ڕاستەوخۆ چووە بەرەکانی شەڕ و هێرشەکانی داعشی ڕاگرت و لە هەندێك شوێنیش پاشەکشەی پێکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە چەند ڕۆژی یەکەمدا مەخموور لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگارکرا، هەموو شتێك گۆڕا، هەروەك چۆن فەرید زەکەریا لە کتێبی (ئایندەی ئازادی)، بە جووڵانی قوستەنتەنییە لە ڕۆماوە بۆ ئەستەنبوڵی ئێستا، ئیدی هەموو شتێك لە مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕا، بە هەمان شێوە دوای بڕیارەکەی بارزانی هەموو شتێك لە شەڕی داعش گۆڕا. ئەم گۆڕانە بەو ئاستە بوو کە فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسای ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆی بێتە هەولێر و لە ناو فڕۆکەخانەی هەولێردا لەگەڵ سروودی ئەی ڕەقیبدا سڵاو بۆ ئاڵای کوردستان بکات، هەر ئەم بڕیارە بوو وایکرد، ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئەمریکا بە کوردستان بڵێن سپارتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێویستە جیهان لە بەر خاتری سوپا قارەمانەکەی کە پێشمەرگەیە ڕێز لە کوردستان بگرێت، هەر ئەم بڕیارە وایکرد سەرۆك ئۆباما لە ١١ی ئابی لە دوای سێ ساڵ لە شەڕی سووریا بۆ یەکەمجار بڕیار بدات و پاشانیش لە

**کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا، بەڵام سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکەکەی و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگە لەناو جەرگەی گەورەترین شەڕی جیهانی دژی تیرۆریستانی داعش، وایکردووە توانیویەتی خاکەکەی خۆی بپارێزێت و وێڕای فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لەم وڵاتەدا توانراوە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بپارێزرێت و پەرەی پێ بدرێت**

**دیارە هاوکاری هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان هاریکاربوون بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، بەڵام بە تەنیا ئەمریکا دەیان جار زیاتر بە هێرشی ئاسمانی بۆردومانی داعشی کرد لە کۆبانێ، کەچی نەیتوانی پێشڕەوی داعش رابگرن، تەنانەت کەوتنی کۆبانی بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا بووە ئەو تەحەددایەی کە ئەگەر کۆبانێ بکەوێت، واتە شەڕی دژی داعشی دۆڕاند**

١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤ ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ تێکشکاندن و لاوازکردنی داعش رابگەیەنێت. هەر ئەم گۆڕانکارییە بوو وایکرد، پەرلەمانی ئەڵمانیا رازی بێت حکومەتی ئەڵمانیا هاوکاری سەربازی بداتە پێشمەرگە کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری لەوجۆرەی نەداوە.

ئەم گۆڕانکارییەی قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگە و بڕیارە مێژووییەکەی بارزانی دروستی کرد، وایکرد ئەجیندای کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانیش بگۆڕێت، لەلایەك بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوو، عێراق قبووڵی نەدەکرد نوێنەری هەرێمی کوردستان بانگهێشتی کۆبوونەوەکانی دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بکرێت، بەڵام نەیانتوانی رێگری لەوە بکەن، قارەمانییەتی پێشمەرگە و بڕیاری سەرۆکەکەی بچێتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی وەك پەنێڵەکانی کۆڕبەندی داڤۆس لە سەرەتای ٢٠١٥ و هەر لەو کۆربەندەدا و لە پەنێڵی (ئایندەی سوپا) باڵیۆز واڵفانگ شنایدەر سەرۆکی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایش رایگەیاند: بۆ ئەمساڵی کۆنگرەی میوشن بۆ ئاسایش، بۆ یەکەمجارە بە شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کردووە. (دیارە بۆ کۆنگرەی ٢٠١٦ەش جارێکی دیکە سەرۆکی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایش کرایەوە). ئامانجی سەرەکی کۆنگرەی میونشن لە ٢٠١٥ لە بانگهێشتکردنی بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تەنیا بۆ ئەوە بوو، بزانن چۆن پێشمەرگە توانیویەتی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پاشان تێکیان بشکێنێت و بە هەزارەها کیلۆمەتری دووجا لە دەستی تیرۆریستانی داعش پاك بکاتەوە. جێگەی ئاماژەپێکردنە زیاتر لە شەش مانگ بە سەر راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش تێپەڕیبوو، ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئەمریکا خۆیان لە کۆڕبەندی داڤۆسی ٢٠١٥ ددانیان بەو راستییەدا نا، کە بێجگە لە ئەزموونی کۆلۆمبیا بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی مافیا لەو وڵاتە، هیچ ئەزموونێکی دیکەیان بۆ شەڕی گروپە تیرۆریستییەکان نەبووە، بۆیە لەگەڵ راگرتنی داعش لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بیرکردنەوە لە سوپای ئایندە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان گۆڕانکاریی ریشەیی بەسەردا هات.

لەدوای ئازادکردنی زوممار و سەدەی موسڵ، کە بە گرنگترین سەرکەوتنی قۆناخی یەکەمی شەڕی دژی داعش هەژمار دەکرێت، ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێت هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە لە هێزە لۆکاڵەکانی ناوچەکە دروست بکات، بەتایبەتی وەك دروستکردنی حەشدی وەتەنی بۆ عەرەبی سوننەی عێراق، هاوکاریکردنی سوپای سووریای ئازاد وەك هێزی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی سووریا، هەورەها هاوکاریکردنی هێزەکانی یەپەگە دوای ئەوەی شەڕێکی گەورەیان لە کۆبانی کرد. دیارە هاوکاری هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان هاریکاربوون بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، بەڵام بە تەنیا ئەمریکا دەیان جار زیاتر بە هێرشی ئاسمانی بۆردومانی داعشی کرد لە کۆبانێ، کەچی نەیتوانی پێشڕەوی داعش رابگرن، تەنانەت کەوتنی کۆبانی بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا بووە ئەو تەحەددایەی کە ئەگەر کۆبانێ بکەوێت، واتە شەڕی دژی داعشی دۆڕاند و هەتا ئەو رۆژەشی پێشمەرگە چووە کۆبانی تەنیا ٢٥٪ی شارەکە بەدەست چەکدارانی یەپەگە بوو، زیاتر لە ٧٥٪ی بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە بوو، بەڵام بە چوونی پێشمەرگە بۆ هاوکاری کۆبانێ لە ماوەی نزیکەی ٨٠ رۆژدا توانرا تەواوی کۆبانێ ئازادبکرێتەوە. ئازادکردنەوەی کۆبانێش وەرچەرخانێکی دیکەی گواستنەوەی هێز بوو لەسەر ئاستی کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ کارەکتەری پێشمەرگە وەك سوپایەکی تازە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان، لە ستراتیژیەتی دژی تیرۆریستانی داعش ستراتیژیەتی هاوکاریکردنی سەربازییان لەگەڵ هێزە لۆکاڵەکان (ئەو هێزانەی سوپای نیزامی نین) پیادەکرد، بەڵام نەیانتوانی وەك هێزێکی لۆکاڵ تاسەر مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکەم سوپای هاوچەرخە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان و بە فەرمی لە هێزە لۆکاڵەکان جیایان کردەوە، هەر بە فەرمیش رێککەوتنی سەربازییان لەگەڵ مۆرکرد، لەمەش زیاتر لەگەڵ ئەوەی ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق لە چەند رۆژی رابردوو هەوڵێکی زۆری دابوو کە نوێنەری هەرێمی کوردستان لە

**هەتا ئەو رۆژەی پێشمەرگە چووە کۆبانی تەنیا ٢٥٪ی شارەکە بەدەست چەکدارانی یەپەگە بوو، زیاتر لە ٧٥٪ی بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە بوو، بەڵام بە چوونی پێشمەرگە بۆ هاوکاری کۆبانێ لە ماوەی نزیکەی ٨٠ رۆژدا توانرا تەواوی کۆبانێ ئازادبکرێتەوە**

**زیاتر لە شەش مانگ بە سەر راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش تێپەڕیبوو، ژەنەڕاڵەکانی سوپای ئەمریکا خۆیان لە کۆڕبەندی داڤۆسی ٢٠١٥ ددانیان بەو راستییەدا نا، کە بێجگە لە ئەزموونی کۆلۆمبیا بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی مافیا لەو وڵاتە، هیچ ئەزموونێکی دیکەیان بۆ شەڕی گروپە تیرۆریستییەکان نەبووە، بۆیە لەگەڵ راگرتنی داعش لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بیرکردنەوە لە سوپای ئایندە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا هات**



کۆبوونەوەی وەزیرانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بەشدار نەبێت، بەڵام دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان نارەزایەتی خۆی پیشاندا، ئەمجارەش نارەزاییەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق پشتگوێ خرا و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن وەك نوێنەری کوردستان بەشداری کۆبوونەوەی وەزیرانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش کرد، ئەمەش مانای ئەوەیە دوای ئەم رێککەوتنە سەربازییە، ئیدی دەبێت لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکانیشدا رێز لە کورسیی کوردستان بگیرێت و کوردستان خاوەنی کورسی خۆی دەبێت.

## ● ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان لای هاوپەیمانی نێودەڵەتی هێڵی سوورە

ئێستا کوردستان لەناو هاوکێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەگشتی و لەناو هاوکێشەی سیاسەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش باروودۆخێکی تایبەتی هەیە. لەلایەك هەرێمی کوردستان بە فەرمی لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەشێکە لە عێراق و دەبێت وەك بەشێك لە عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك بەشێك لە عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەوا ناتوانن ئەو ستراتیژیەتە جێبەجێ بکەن کە بۆ شەڕی دژی داعش دایانڕشتووە، لەلایەکی دیکە کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا، بەڵام سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکەکەی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە لەناو جەرگەی گەورەترین شەڕی جیهانی دژی تیرۆریستانی داعش، وایکردووە توانیویەتی خاکەکەی خۆی بپارێزێت و وێڕای فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لەم وڵاتەدا توانراوە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بپارێزرێت و پەرەی پێ بدرێت، لەم لایەنەشەوە چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانان ناتوانن کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت پێناسە بکەن، ئەو دەوڵەتەشی کورد بە ئەمری واقیع دروستی کردووە، نەك نابێتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ لایەك، بەڵکو دەروازەیەکی گەورەش دەکاتەوە

**بانکی نێودەوڵەتی بە ئیجابی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ریفۆرمی ئابووری، سەیرکردووە، بۆیە بڕیاری داوە لە سەنتەری بانکەوە پشکی کوردستان جیابکاتەوە، نەک پرسەکە بدرێتە دەست عێراق و دیسان یاری پێبکاتەوە**

**بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە راستە بووە هۆکاری ئەوەی کاریگەری گەورە لەسەر بژێوی ژیانی هاووڵاتیان دروست بکات، بەڵام بە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و سیاسەتی لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی گەورە بوو بۆ داڕشتنی سەرەتایەکی گرنگ بۆ ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان، ئەم خۆڕاگرییەی حکومەت و گەلی کوردستان جێگەی بایەخی بانکی نێودەوڵەتی بووە**

**ئەو لایەنە سیاسییانەی کوردستان کە دەیانەوێت بارودۆخی ئێستای کوردستان بقۆزنەوە و ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە کوردستان دروست بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، ئەوا چەکی دەستیان ئەو دووخاڵە لاوازەیە، یەکەمیان ئاژاوەی ناوخۆیی دروست بکەن بۆ ئەوەی پێشمەرگە وێڕای نەبوونی مووچە و پێداویستی، ورەشی نەمێنێت لە بەرەکانی شەڕ، دووەمیان یاریکردن بە نەهەماتی و قووتی رۆژانەی خەڵک**

بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە مەترسی تیرۆر رزگار بکات و مودێلێکی تازەیە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ بۆ ئەوەی هەم بتوانێت خاکەکەی لە هێرشی تیرۆریستان بپارێزێت، هەمیش بتوانێت پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بپارێزێت و پەرەی پێبدات. بۆیە لەم روانگەیەوە لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نە چیتر هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و نە چیدیکەش کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، هەر بۆیە مانەوەی ئەم دەوڵەتە (دیارە لە ئێستادا وەك ئەمری واقیع) بەمجۆرە، بۆ ئەوەیە هەموو لایەك بگەنە قەناعەت، بەتایبەتی دەوڵەتانی ئیقلیمی کە ئەم دەوڵەتە پێویستە بە ئاشتی ددانی پێدابنرێت، لەمەش زیاتر هەوڵ بدرێت لەسەر هەمان شێوازی کوردستان دەوڵەتەکان رێکبخرێنەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەر هەوڵێك ئەوجا ناوخۆیی بێت، یان دەرەکی کە سەرەنجام ببێتە هۆکاری ئەوەی سەقامگیری ئەمنی و سیاسیی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعە تێك بدات، ئەوا بە هێڵی سوور دادەنرێت و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەڵوێستی لەسەر وەردەگرێت.

لەسەر گرنگیی مانەوەی کوردستان وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع، هەر لە ساڵی ٢٠١٠وە ناوەندەکانی فیکری لێکۆڵینەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هەرێمی کوردستان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا و ئاراستەی رووداوەکان هەر چۆنێك بن، سەرەنجام هەموو سەرەداوەکان دەچنەوە لای بارزانی، دیارە لە ئێستادا وەك دەبینین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعشدا هەموو سەرە داوەکان هاتوونەوە لای بارزانی، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی کوردستان و ئەقلیەتی هەندێك سیاسەتمەداری لۆکاڵ کە ئێستا بە ئەقلیەتی شەڕی سارد بیردەکەنەوە، دەیانەوێت ئەو راستییە نەبینن کە ئەو هەرێمەی بارزانی رێبەرایەتی دەکات، نە مەرجی تێدا دەسەپێندرێت و نە بە تیۆری پیلانگێڕیش هاوسەنگیی هێزی تێدا دەگۆڕێت، تەنیا رێگەیەك بۆ گۆڕانکاری، ئەو رێگەیەیە کە بارزانی دەستنیشانی کردووە، ئەو رێگەیەش سندوقەکانی دەنگدان و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە.

## ● دروستبوونی داعش کاردانەوەی سیاسەتەکانی مالیکی بوو

ئەگەر نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، لە خولی یەکەمی کابینەکەیدا توانیبووبێت کە وەك سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز خۆی پیشانی ئەمریکا و جیهان بدات، بەڵام لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شەوی ٣١ی دیسەمبەری ٢٠١١ و تەنیا لە ماوەی سێ مانگدا سەلماندی ئەو سەرۆك وەزیرانێکی فاشیلە و ئەو دەوڵەتمەدارە نییە بتوانێت وڵات بەڕێوەبەرێت. دیارە سەرۆك مسعود بارزانی لە ٢١ی ئاداری ٢٠١٢، لە پەیامی سەرساڵی نەورۆزدا، کوردستان و عێراق و جیهانی ئاگادار کردەوە کە نوری مالیکی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت دەبات و جارێکی دیکە کوردستان نابێتەوە پاشکۆی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری، بەڵام ئەم بۆچوونە تەنیا بۆچوونی سەرۆك بارزانی نەبوو، بەڵکو هاوکات گۆڤاری فۆرین ئەفێرزیش لە ژمارەی مارت و نیسانی ٢٠١٢، واتە تەنیا ٩٠ رۆژ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، دیراسەتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی «ئەو عێراقەی دوای خۆمان بەجێمان هێشت: بەخێرهاتنی دەوڵەتێکی دیکەی فاشیل لە جیهاندا دەکەین.» ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کاتەی نوری مالیکی توانیویەتی وەك سەرۆك وەزیرانێکی سەرکەوتوو دەربکەوێت، بە کردەوە خۆی سەرۆك وەزیران نەبووە، بەڵکو تەنیا فەرمانبەرێکی بەردەستی ژەنەڕاڵ پەتریۆس بووە کە توانی لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق لە میانەی دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بۆ سوننەی عێراق تێکبشکێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك ئەمریکا لە سەرەتای ٢٠١٢ هێزەکانی لە عێراق کێشایەوە، رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق بەو ئاستە بوونی نەمابوو کە مەترسیی گەورە دروست بکات، بەڵام لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و چاوخافڵکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە رەفتارەکانی مالیکی وایکرد، مالیکی هەموو عەرەبی سوننەی عێراق بە تیرۆریست سەیر بکات و لەمەش زیاتر ئەو پابەندبوونانەی ئەمریکا بە هێزەکانی سەحوەی سوننەی دابوو، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی تێکەڵاوی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی عێراق بکرێنەوە و دەبوو حکومەتی عێراق جێبەجێی بکات، مالیکی ئەوەشی پشتگوێ خست. بۆیە عەرەبی سوننەی عێراق بەوانەشی بەشداربوون لە حکومەتەکەی مالیکی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی مالیکی هەموو توانای حکومەتی عێراقی خستۆتە کار بۆ ئەوەی تائیفەیەکی

گەورەی وەك تائیفەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا وەك ڕێكخراوێكی تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵ بكات.

دیارە ئەو دیراسەتەی ساڵی ٢٠١٢ دوای سێ مانگ لە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، كە نید پاركەر بەرپرسی بیرۆی ڕۆژنامەنووسی لوس ئەنجلوس تایمز، لە بەغدا ئامادەی كردووە، وردەكاری ڕەفتارەكانی مالیكی بڵاوكردۆتەوە كە چۆن مالیكی لە ناو ناوچەی سەوز سەربازگەی شەرەفی كردۆتە بەندیخانەیەكی نهێنی بۆ عەرەبی سوننە و چۆن دادوەرەكانی كردۆتە داردەستی خۆی بۆ ئەوەی بە یاسای تیرۆر مامەڵە لەگەڵ ئەو گیراوانە بكەن، هەر بۆیە ئەم سیاسەتانەی مالیكی وایكرد عەرەبی سوننەی عێراق كاردانەوەی توندیان هەبێت و ئەمجارەیان لە بری ئەوەی خۆیان تیرۆریستانی قاعیدە تێكبشكێن و لە عێراق دەریان بكەن، بەپێچەوانەوە بەشێكی زۆری عەرەبی سوننەی عێراق خۆیان هانایان بۆ ڕێكخراوی تیرۆریستی قاعیدە لقی عێراق برد، بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرامبەر سیاسەتەكانی مالیكی ڕابوەستن، هەر ئەو سیاسەتەی مالكیش بوو كە وایكرد، ڕێكخراوی قاعیدەی عێراق خۆیان لە ڕێكخراوی سەرەكیی قاعیدە جیابكەنەوە، هۆكاری سادەش بۆ ئەم جیابوونەوەیە ئەوە بوو، ئەگەر ئەولەوییەتی دوژمنەكان لای ئەلقاعیدە هێزەكانی ئەمریكا و ڕۆژئاوا بێت، ئەوا عەرەبی سوننە بۆی دەركەوت ئەوەی مالیكی و حكومەتەكەی بەرامبەر سوننە دەیكات، هەرگیز ئەمریكا و ڕۆژئاوا بەرامبەر سوننەیان نەكردووە، لەمەش زیاتر ئەگەر ستراتیژیەتی قاعیدە ئەوە بێت دوای نەمانی هێزەكانی ئەمریكا و ڕۆژئاوا دەوڵەت دابمەزرێنن، ئەوا سوننەی عێراق بۆیان دەركەوت، ئەگەر مالیكی و حزبی دەعوەی عێراقی دەستیان هەبێت، ناهێڵن عەرەبی سوننە لە عێراقدا بوونی هەبێت. ئەمە وایكرد ڕێكخراوی قاعیدە لقی عێراق لەگەڵ عەرەبی سوننەی عێراق خاڵی هاوبەشیان بۆ دروست بێت و هەنگاو بەرەو دروستبوونی داعش هەڵبگرن، لەگەڵ ڕاگەیاندنی داعشیش لە سەرەتای ٢٠١٤ و فراوانكردنی چالاكییە تیرۆریستییەكانیان، عەرەبی سوننە كەوتە ئەو دووڕیانەی لە نێوان دوو شەیتاندا یەكێكیان هەڵبژێرێت، بۆیە ئەوان داعشیان هەڵبژارد بەو حیسابەی چەند تیرۆریست بن و چەند دڕندە بن، هێشتا لە بەرامبەر سوننە داعش باشترە لە مالیكی.

دیارە سیاسەت و ڕەفتارەكانی مالیكی بەرامبەر كوردستانیش لە ڕەفتار و سیاسەتەكانی بەرامبەر عەرەبی سوننە باشتر نەبووە، ئەو كاتێك فەرماندەی هێزی دیجلەی لەسەر شێوازی فەرماندەی هێزی بەغدای سەردەمی ژەنەڕاڵ پەتریۆس دروستكرد، ئامانجی ئەوە نەبوو سەقامگیری لە كەركووك و دەوروبەری دروست بكات، بەڵكو مەبەستی ئەوەبوو كەركووك داگیربكاتەوە و ئاژاوەیەكی گەورە دروست بكات، لەمەشدا ئەگەر بڕیارەكەی سەرۆك بارزانی نەبوایە، بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕێگەپێگرتن بە هێزەكانی دیجلە، ئەوا مالیكی بەرنامەیەكی ئەوتۆی هەبوو كە كوردستانیش داگیربكاتەوە، ئەمەشی نەشاردۆتەوە و بە ئاشكرا هەڕەشەی لە كوردستان كردبوو، بەوەی چاوەڕێ بن هەتا فڕۆكەكانی ئێف ١٦ دەگەنە عێراق، ئەو كات دەزانن چۆن كوردستان داگیردەكەنەوە.

لەلایەكی دیكە نوری مالیكی لەوكاتەی كە سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە بۆتە بەشێك لە میحوەری شیعە دژی عەرەبی سوننە، بۆ ئەمەش چەندین جار سەردانی حەسەن نەسروڵای سەرۆكی حزبوڵای لوبنانی كردووە و لەگەڵ دروستبوونی شەڕی سووریاشەوە حزبی دەعوەی عێراق لەسەر شێوازی حزبوڵای لوبنانی، میلیشیای شیعەی دروستكردووە بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەی ڕژێمەكەی ئەسەد بكەن، لە دوای كەوتنی موسڵ و دروستبوونی میلیشیای حەشدی شەعبیش دیارە لە ژێر دەیان ناوی جیاوازدا هەر سەركردەیەكی حزبی دەعوەی عێراق فەرماندەیی یەكێك لەو میلیشیایانە دەكات، دیارە لە ئێستادا وەك لە تكریت و فەلوجە و ڕومادی بینیمان، میلیشیاكانی حەشدی شەعبیش بە هەمان شێواز و مودیلی هێزەكانی داعش هەم دروستكراونەتەوە و هەم بە هەمان شێوەی داعشیش كاری دڕندانە و ترسناك دژی عەربی سوننە ئەنجامدەدەن.

لەم لایەنەوە دیارە حەیدەر عەبادی-یش هەمان سیاسەتی حزبی دەعوە پیادەدەكات كە نوری مالیكی سەرۆكیەتی و ناتوانێت لەو سیاسەتە دەربچێت كە حزبی دەعوە پیادەی دەكات، بۆیە هەتا سەرۆكایەتی حكومەتی عێراق بە دەست حزبی دەعوەی عێراقەوە بێت، ئەوا داعش چەند ترسناك و مەترسیداریش بێت، ئەوا لە چاوی سوننەی عێراقدا هێشتا بەرامبەر سوننە داعش لە حزبی دەعوە باشترە.

**گرەوكردن لە سەر عێراق بەگشتی و لەسەر نوری مالیكی و حزبی دەعوە بەتایبەتی هەر لە سەرەتاوە گرەوێكی دۆڕاوە، هەركەس و لایەنێكیش بیەوێت مالیكی و حزبی دەعوە وەک هێزێكی سەرەكی و كاریگەر لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بۆ گەلی كوردستان بخاتەڕوو، لە هەمانكاتیشدا لە ژێر سێبەری مالیكی و حزبەكەیدا نمایشی ماسوولكەی هێز بەرامبەر پارتی و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بكات، ئەوە شەڕی خۆتڕێن دەكات**

**بە ئاگاداری و ڕەزامەندی ئەو حكومەتەی كە حزبی دەعوا هێزی سەرەكییە تیایدا و نوری مالیكی سەرۆكی ئەو حزبەیە، ئەوا ئەمریكا وەک سەرۆكی هاوپەیمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، وەک ئەندامێكی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەكات و، لە سەر ئاستی پێنتاگۆن یاداشتنامەی لێكتێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئیمزا دەكات**



## شێخ جەعفەر

### فەرماندەی یەکەی ٧٠ی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ (گوڵان):

# جێگەی شانازییە میللەتەکەمان گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا پرۆتۆکۆلی لەگەڵ ئیمزا بکات

**ئاشکرایە لە ئێستادا شەڕی دژ بە داعش پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و پەرەسەندنی ستراتیژی بەخۆیەوە بینیوە. ئەوەی مایەی سەربەرزییە ئەوەیە کە پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاو و مێژوویی هەبووە و لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێ و مەدالیای قارەمانییەتی لە بەرۆك دراوە و باسی ئەوە دەکرێ کە لە تێکشکاندنی ئەفسانەی ئەم هێزە تیرۆریستییەدا بەشداری کارای هەبووە. هەر بۆ قسەکردن لە بارەی ئامادەکارییەکانی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و ڕۆڵی پێشمەرگە لەو ئۆپەراسیۆنەدا و گرنگیی هەبوونی ڕێککەوتنێك بۆ ئیدارەدانی ئەو شارە لە دوای داعش، لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی یەکەی (٧٠)ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** لەگەڵ ئەوەی کێشەی سیاسیی ناوخۆیی هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی تێکەڵی ئەو کێشە سیاسییانە نەکردووە، ریزەکانی هەر بە یەکگرتوویی لەبەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش ماوەتەوە، ئایا وەك فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە تاچەند هەست دەکەیت ئەم یەکریزییەی هێزی پێشمەرگە بۆتە جێی هیوا و ئومێد و گەشبینی بۆ تێکڕای خەڵکی کوردستان؟**

- دیارە بە هەقیقەت ئەو کێشە سیاسییانەی لەناوخۆی هەرێمی کوردستان هەن کاریگەری خراپیان هەبوو لەسەر ناوخۆ و هەموو شوێنەکانی دیکە، بەڵام لەسەر یەکریزیی هێزەکانی پێشمەرگە و لەسەر سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە هیچ رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبووە. بە پێچەوانەوە، هێزەکانی پێشمەرگە بەهەموو رەنگ و لایەنەکانەوە لەناو سەنگەرەکاندان و لەسەرتاسەری شەڕەکاندا بە یەکدەنگی و یەکڕەنگی و یەکگرتوویی ماونەتەوە و ئەو ئەرکەی کە کەوتۆتە ئەستۆیان جێبەجێیان کردووە، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە. ئەمە جگە لەوەی کە پێشمەرگە ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییان جێبەجێ کردووە، لە هەمان کاتیشدا داوای لە سەرکردایەتی هەموو لایەنە سیاسییەکان کردووە کە هەوڵ بدەن بەگفتوگۆ و دانیشتن چارەسەری کێشەکان بکەن، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە کە هێزی پێشمەرگە جگە لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی ئەرکەکانی تریشی وەکو خۆی جێبەجێ کردووە.

*** ئەوەی لەم شەڕەدا بووەتە جێگەی شانازی بۆ کوردستان، ئەوەیە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بێ وێنە بووە و ئێستا جیهان شایەتی بۆ ئەوە دەدات کە پێشمەرگە پابەندە بە شەرەف و میهەنییەتی عەسکەری و سەرکەوتنەکانی تەواو عەسکەرییە و بەپێچەوانەوە ئەم شەرەف و میهەنییەتییە عەسکەرییە لە حەشدی شەعبی و تەنانەت لە سوپای عێراقیشدا بەو ئاستە بوونی نییە، ئەو شەڕانەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دەیکەن وەکو ئەوەی لە رومادی و فەلوجە و تکریت بینیمان کارەساتی زۆری لێکەوتەوە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەم ئاستە بەرزەی ئیدارەی پێشمەرگە و پابەندبوونی هێزی پێشمەرگە بە شەرەف و میهەنییەتی عەسکەرییەوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- هەر کە باسی پێشمەرگە و دروستبوونی پێشمەرگە بکەیت، ئەوە ئاشکرایە کە پێشمەرگە لە دەرئەنجامی ئەو زوڵم و زۆردارییە دروست بووە کە لە میللەتەکەمان کراوە، واتە لە پاش ئەوەی داگیرکارانی خاك و میللەتەکەمان هیچ وەڵامێکی داخوازییەکانی ئێمەیان نەدایەوە، تاوەکو بە گفتوگۆ و دانیشتن چارەسەری کێشەکانمان بکەین، بەڵکو هەمیشە پەنایان بردووەتە بەر بەکارهێنانی چەك و پەلاماردانی ئێمە. تەنانەت لە چەندین پرۆسەی سەربازیدا کارەساتی سەختیان بەسەر میللەتەکەماندا هێناوە، لەبەر ئەوە پێشمەرگە هێزێکی رزگارکار و بە بیروباوەڕە، نەك هێزێکی داگیرکەر، لەبەر ئەوە بە هەموو چەکدارێك ناوترێت پێشمەرگە، بەڵکو بەو چەکدارە دەوترێت پێشمەرگە کە دژی زوڵمە لە پێناوی مافە رەواکانی میللەتەکەیدا خەبات بکات، کەواتە کاتێك پێشمەرگە خۆی دژی زوڵم وەستابێت، ئەوا هیچ کات ئامادە نییە زوڵم لە هیچ میللەت و ئایین و ئایینزایەك بکات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بڕوای تەواوی بە پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ هەیە، ئیدی سەر بە هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك بێت، چونکە بەر لە هەر شتێك ئەوانە مرۆڤن و پێویستە پارێزگارییان لێبکات، لەبەر ئەوە ئەو هەستەی پێشمەرگە کە هەیەتی و ناوبانگی پێ دەرکردووە، ئەوەیە پێشمەرگە ئەو هێزەیە بە بێ جیاوازی ئیتنی و ئایینی بۆ ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی خەڵك خەبات دەکات و لەم پێناوەشدا تێدەکۆشێت و ماندوودەبێت و قوربانی بۆ دەدات، لەبەر ئەوە کاتێك دەڵێین هەرێمی کوردستان، یا گەلی کوردستان، ئەمە بەو مانایە نایەت کە تەنیا کورد بێت، بەڵکو لە کوردستان کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا و مەزاهبی لێیە کە پێشمەرگە پارێزگاری لە هەر هەموویان دەکات و بەرپرسیشە لە پاراستنیان، هەربۆیە پێشمەرگە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی جێبەجێ دەکات. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، ئەوا بە دڵنیاییەوە شەڕ زۆر جار کارەساتی مرۆیی لێ دروست دەبێت، جاری وا هەیە کوشتنی خەڵکی سڤیلی لێدەکەوێتەوە و بێتاوانی تێدا دەکوژرێت، هەروەها کاولکاری و سووتاندنی ماڵ و وێرانبوونی خانووی هاووڵاتیانیشی لێدەکەوێتەوە. کەس ناتوانێت بڵێت لە شەڕدا هیچ خەرقێك، یان پێشێلکارییەکی لێناکەوێتەوە، بەتایبەتی کاتێ هێزی ئاسمانی بە ئاسمانەوە بێت و لە سەر زەویش تۆپی دوورهاوێژ و تانك و زرێپۆش و مووشەکباران هەبێت. بەم هەموو چەکە قورسە لە ناوچەیەك بدرێت کە دوژمن بێڕەحمانە ئەو شوێنانەی داگیرکردبێت و هیچ بەزەییەکیش بە خەڵکەکەیدا نایێتەوە، دیارە قوربانی

**هیچ رێککەوتنێکی وا نییە نە ئەمەریکا و نە سەربازی هیچ وڵاتێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان سەربازگە و بنکەی سەربازی دابنێن و بمێننەوە، هەر کاتێکیش بێتە سەر ئەم مەسەلەیە دەبێت بە رێککەوتن بێت و بەنهێنی نابێت و رایدەگەیەنین**

**ئەوەی ئەمڕۆ پێویستمانە یەکریزی و یەکگرتوویی میللەتەکەمانە، ئەو کێشانەش کە لە ناوخۆدا هەن، تەنیا بە یەکدەنگی و یەکڕەنگی چارەسەر دەکرێن، بە مانەوەی ئەم کێشانە بێ متمانەیی دروست دەبێت و رەنگە ئاسەر ئەو پاڵپشتی و هاوکارییەی ئێستا هەمانە بەردەوام نەبێت، بەڵام بە یەکریزی و تەبایی نێوانمان پاڵپشتییەکان زیاتر دەبێت، کەمتر نابێت**

**ئەوەتا لە کوردستاندا بە دەیان کونسوڵخانە و نووسینگەی وڵاتانی بیانی و گەورە کۆمپانیاکان بوونیان هەیە، لەو رۆژەوەش کە داعش پەلاماری کوردستانی داوە، هێزێکی گەورەی هاوپەیمانی هاتووە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە کردووە. ئەوە مانای وایە لە هەموو جیهاندا و لەسەر ئاستی دنیا کوردستان پێگەی تایبەتی خۆی هەیە**

**بە دڵنیاییەوە هەر هێزێکی دیکە لە داهاتوودا ببێتە هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوتەکانی ئێستا و بۆ سەر خەڵکی کوردستان ئەوا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، هەر وەکو چۆن لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی عێراق بووینەوە**

**ئازادکردنی موسڵ ڕەنگە ئاسان بێت، بەڵام ئیدارەدانی ئەو پارێزگایە قورسە، بۆیە پێویستە پێشتر هەموو لایەکمان ڕێکبکەوین لەسەر پرسی ئیدارەدانی شارەکە بۆ ئەوەی ڕێگەنەدەین هیچ کارەساتێک ڕووبدات**

**دووریی هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە لە موسڵەوە لە هەندێک شوێن ناگاتە ١٠ کیلۆمەتر، ئەوەتا لە هەردوو دیوی ڕۆژهەڵات و سەرووی موسڵ و تەنانەت بەشێکیش لە ڕۆژئاوای ئەو شارەوە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە**

زۆری دەبێت، بەڵام لە سەرەتای هاتنی داعشەوە تاکو ئەم ساتەوەختە یەك کەس لەسەر دەستی پێشمەرگە و هێزەکانی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان تووشی زیان نەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە لەو شوێنانەی کە هەین و هەر شوێنێکی دیکەش کە دەچین، تاچەند لە دەسەڵات و تواناماندا هەبێت پارێزگاری لە ژیانی خەڵکی مەدەنی دەکەین، بەتایبەتی ژن و منداڵ و خەڵکی بەتەمەن کە بێدەسەڵاتن و لەناو ماڵەکاندا دەمێننەوە، هەموو توانایەکی خۆمان بۆ پاراستنیان خەرج دەکەین.

*** ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەمەریکا لەگەڵ کۆمەڵێك هێزی چەکداری لۆکاڵ لە ناوچەکە و جیهان پێوەندی هەیە و هاوکاری سەربازییان دەداتێ، بەڵام پێنتاگۆن تەنیا لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە پرۆتۆکۆلی لێکتێگەیشتن ئیمزا دەکات، ئایا وەك پێشمەرگەیەك لەکاتی ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە هەستی خۆت چۆن بوو؟ ئایا چۆن ئەو دیمەنە هەڵدەسەنگێنی کاتێك لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن ئەم لێکتێگەیشتنە گەورەیە ئیمزا کرا؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم ڕێککەوتنە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەمەریکا بێت و لە پڕۆتۆکۆلێکدا لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بە ئامادەبوونی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەودا پڕۆتۆکۆلێکی وا گەورە ئیمزا بکات کە بە ڕاستی مایەی دڵخۆشییە و جێگای شانازییە کە ئەمڕۆ میللەتەکەمان گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە وڵاتێکی وا گەورە بێت و پڕۆتۆکۆلی لەگەڵدا ئیمزا بکات.

*** دیارە لە دوای ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن پێشمەرگە وەك هێزێکی نیزامی و سوپای دەوڵەتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆ ئەمەش ئێستا ئەمەریکا مەشق و ڕاهێنان بە سێ لیوای پێشمەرگە دەکات و بە باشترین چەك و کەلوپەلی سەربازی تەجهیزیان دەکات، ئایا ئەو شێوازەی ئەمەریکا ئەو سێ لیوایەی پێکهێناوە، دەبێتە بناغەیەك بۆ ئەوەی لیواکانی دیکەی پێشمەرگەش بە هەمان شێوە ڕێکبخرێنەوە بۆ ئەوەی پێشمەرگە بە تەواوەتی وەك سوپایەکی نیزامی مەشق و ڕاهێنانی پێ بکرێت؟ ئایا ئەو چەك و پێداویستییە سەربازییانەی ئەو سێ لیوایەی بۆیان دابین کراوە، چین و تا چەند تایبەتمەند و کاران؟**

- ماوەیەکی زۆرە ئەمەریکا بڕیاری ئەوەی داوە کە سێ لیوا بۆ ئێمە پڕچەك بکات و مەشقیان پێ بکات و ڕاوێژکارانی خۆیان لەگەڵیاندا بێت، دەستیان کردووە بە مەشقکردنی لیواکان کە لەچەند مانگی داهاتوودا ڕەنگە بە تەواوەتی مەشقەکانیان تەواو بکەن، هەموو چەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێل و پێداویستییە سەربازییەکانی تریان لەلایەن ئەمەریکییەکان خۆیانەوە بۆیان دابیندەکرێت و مەشقیشیان لەلایەن ئەوانەوە بۆ دابین کراوە، ئەو چەك و تەقەمەنییانەی ئەمەریکا بۆ ئەو سێ لیوایەی پێشمەرگەی ئامادە دەکات، وەکو هەموو چەك و تەقەمەنی لیواکانی پیادەی ئەمەریکی دەبێت. ئەمەش مایەی دڵخۆشییە کە بەڕاستی دەوڵەتێکی وا گەورە بێت و سێ لیوای پێشمەرگە بۆ ئێمە ئامادەبکات، کە مەبەستیش لێی ئەوەیە ئێمە بتوانین بەرگری و پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکەین و بتوانین شەڕی داعش و تیرۆرستان بکەین و بتوانین ئەم دەستکەوتانەی میللەتەکەمان بپارێزین. بە تەئکیدیش هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاری لەخۆی پێویستی بە سوپایەکی پێشمەرگەی پێشکەوتووی یەکگرتووی پڕچەك و مەشقپێکراو و ئامادە هەیە، ئێمە هێزێکمان ناوێت بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی خاکی میللەتانی دیکە، دەمانەوێت هێزێکمان هەبێت ئەم دەستکەوتانەی پێ بپارێزین و پارێزگاری لە کیانی خۆمان بکەین و ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببینەوە کە ڕوومان تێدەکات، وەکو هەڕەشەی داعش کە ئێستا ڕووی تێکردووین. لەبەر ئەوە ئەمە دەبێتە نەوایەك و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئەو سوپایە دەڕۆین کە ئاوات و ئومێدی میللەتەکەمانە و خەڵك لەم پێناوەدا قوربانی داوە شەهید و کەمئەندام بوون.

*** دیارە ئێوەش بەشدارن لە بەرنامە و پلانی ئازادکردنەوەی موسڵ و ئەوەندەی ئێمەش لە چاودێرە سەربازییەکان گوێبیستی بووین، ئیعتمادی سەرەکیی ئەمەریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش لەسەر پێشمەرگەیە و تەنانەت حکومەتی عێراقیش دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە بەبێ پێشمەرگە ئازادکردنەوەی موسڵ کارێکی ئاسان نییە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا گرنگیی بەشداری پێشمەرگە بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ چییە و ئایا ئەگەر بەشداری بکەن لایەنی کوردستان چ مەرجێکی دەبێت؟**

- دووریی هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە لە موسڵەوە لە هەندێك شوێن ناگاتە ١٠ کیلۆمەتر، ئەوەتا لە هەردوو دیوی ڕۆژهەڵات و سەرووی موسڵ و تەنانەت بەشێکیش لە ڕۆژئاوای ئەو شارەوە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە، لەبەر ئەوە ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگەی لێیە و هێزەکانی پێشمەرگە بەرگری لێ دەکەن، ئەم ناوچانە دەبنە میحوەری سەرەکیی

خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر داعشەکانی موسڵ، ئەمەش راستییەکە کە بەبێ هێزی پێشمەرگە مەحاڵە پرۆسەی سەربازی موسڵ ئەنجام بدرێت و سەرکەوتوو بێت، چونکە هێزی پێشمەرگە هێزێکە لە سەرەتادا شەڕی داعشی کرد و توانی بەرگری بکات و بە دەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاکی ئازادکردووە هەر لە خانەقین و جەلەولا و سەعدییەوە تا دەگاتە شنگال، بەم سەرکەوتن و داستانانە پێشمەرگە بووە هێزێکی بەرچاو و دیار بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ئەوەتا خەڵکی موسڵ و عەرەبەکانیش لەهەر شوێنێك بن داوای ئەوە دەکەن هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەکانیان ئازاد بکات و تەنانەت پارێزگاریشیان لێ بکەن، چونکە دەزانن هێزەکانی پێشمەرگە هێزێکی ئازادکەرن و پارێزگاری لە سەر وماڵیان دەکات، بۆیە خەڵکەکە داوادەکەن پێشمەرگە لە ئازادکردنی موسڵیش بەشداری بکات.

*** لەمەودوا باس لەوە دەکرێت گفتوگۆ و دانیشتنەکان لە نێوان فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگە و عێراق و هاوپەیمانان چڕتر دەبێتەوە، ئایا لەو گفتوگۆ و دانیشتنانەدا مەرجی پێشمەرگە بۆ بەشداریکردن لەو شەڕانەدا چییە؟**

- بە بەردەوام لەو دانیشتنانەدا باس لەوە دەکەین، ئازادکردنی موسڵ رەنگە ئاسان بێت، بەڵام ئیدارەدانی ئەو پارێزگایە قورسە، بۆیە پێویستە پێشتر هەموو لایەکمان رێکبکەوین لەسەر پرسی ئیدارەدانی شارەکە بۆ ئەوەی رێگەنەدەین هیچ کارەساتێك رووبدات، بۆ نموونە لەو ناوچانەی داعش هاتووە خەڵکێکی زۆریان کوشتووە، ئەو خەڵکەی کەسە نزیکەکانیان کوژراوە، یا ماڵ و موڵکیان دزراوە و خانوویان وێران بووە، کە دەگەڕێنەوە رەنگە بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەنەوە، ئەمەش کارەساتێکی زۆر گەورە و ناخۆشە. لەبەر ئەوە دەبێت رێککەوتنێکی وا هەبێت کە رێگری لە روودانی ئەو کارەساتانە بکات. پێویستە کارێکی وابکەین ناوچەکە ئارامی بۆ بگەڕێتەوە و خەڵکەکە بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی و ماڵ و حاڵی خۆیان و خۆشگوزەرانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش دەبێت بە رێککەوتن بکرێت.

*** ئایا ئەو رێککەوتنە ئەو شوێن و ناوچە کوردستانییانەش دەگرێتەوە کە هێزی پێشمەرگە ئازادی کردوون، چونکە باس لەوە دەکرێت حەشدی شەعبی لە زۆر شوێن وەکو خورماتوو پێشێلکاری بەرامبەر خەڵکی کوردستان دەکەن؟**

- ناکرێت لە ئێستاوە بڵێین پێویستە خۆمان بۆ دوای داعش حازربکەین و بڵێین هێزی دیکە هەڕەشەمان لێدەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەر هێزێکی دیکە لە داهاتوودا ببێتە هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوتەکانی ئێستا و بۆ سەر خەڵکی کوردستان ئەوا رووبەڕوویان دەبینەوە، هەر وەکو چۆن لە رابردوودا رووبەڕووی دەسەڵاتدارانی عێراق بووینەوە. ئومێدیش دەکەین ئەمە جارێکی دیکە روونەدات، چونکە بارودۆخی ئێستا لەگەڵ رابردوودا زۆر جیاوازە. راستە خەڵك مەترسی ئەوەی هەیە دوای داعش هەڕەشە و مەترسیی دیکە رووبەڕوومان ببێتەوە، بەڵام ئەو کاتەش چۆن ئێستا داعش دوژمنی هاوبەشی هەموومانە ئەو کاتەش دوژمنی وامان بۆ دروست ببێتەوە، لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکدەشکێندرێت.

*** زۆر جار لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا بەشداریتان هەبووە، وەك فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا چەند ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەسەر دەستی پێشمەرگە بەرەوپێش و بەرەو دامەزراوەیی چووە؟**

- هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا شوێن و پێگەیەکی دیار و لەبەرچاوی هەیە، لە هەموو جیهانیشدا میللەتەکەمان ناسراوە و پێگە و رێزی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەتا لە کوردستاندا بە دەیان کونسوڵخانە و نووسینگەی وڵاتانی بیانی و گەورە کۆمپانیاکان بوونیان هەیە، لەو رۆژەوەش کە داعش پەلاماری کوردستانی داوە، هێزێکی گەورەی هاوپەیمانی هاتووە و پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە کردووە. ئەوە مانای وایە لە هەموو جیهاندا و لەسەر ئاستی دنیا کوردستان پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوەی ئەمڕۆ پێویستمانە یەکڕیزی و یەکگرتوویی میللەتەکەمانە، ئەو کێشانەش کە لە ناوخۆدا هەن، تەنیا بە یەکدەنگی و یەکڕەنگی چارەسەر دەکرێن، بە مانەوەی ئەم کێشانە بێ متمانەیی دروست دەبێت و رەنگە تاسەر ئەو پاڵپشتی و هاوکارییەی ئێستا هەمانە بەردەوام نەبێت، بەڵام بە یەکڕیزی و تەبایی نێوانمان پاڵپشتییەکان زیاتر دەبێت، کەمتر نابێت.

*** ئایا هێزەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان وەکو بنکەیەکی سەربازی دەمێننەوە؟**


- هیچ رێککەوتنێکی وا نییە نە ئەمەریکا و نە سەربازی هیچ وڵاتێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان سەربازگە و بنکەی سەربازی دابنێن و بمێننەوە، هەر کاتێکیش بێتە سەر ئەم مەسەلەیە دەبێت بە رێککەوتن بێت و بەنهێنی نابێت و رایدەگەیەنین.

**ئێمە هێزێکمان ناوێت بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی خاکی میللەتانی دیکە، دەمانەوێت هێزێکمان هەبێت ئەم دەستکەوتانەی پێ بپارێزین و پارێزگاری لە کیانی خۆمان بکەین و رووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببینەوە کە روومان تێدەکات**

**ئەو هەستەی پێشمەرگە کە هەیەتی و ناوبانگی پێ دەرکردووە، ئەوەیە پێشمەرگە ئەو هێزەیە بە بێ جیاوازی ئیتنی و ئایینی بۆ ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی خەڵک خەبات دەکات و لەم پێناوەشدا تێدەکۆشێت و ماندوودەبێت و قوربانی بۆ دەدات**

**ئەو کێشە سیاسییانەی لەناوخۆی هەرێمی کوردستان هەیە کاریگەری خراپیان هەبوو لەسەر ناوخۆ و هەموو شوێنەکانی دیکە، بەڵام لە سەر یەکڕیزیی هێزەکانی پێشمەرگە و لەسەر سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە هیچ رەنگدانەوەیەکی ئەتۆی نەبووە، بە پێچەوانەوە هێزەکانی پێشمەرگە بەهەموو رەنگ و لایەنەکانەوە لەناو سەنگەرەکاندان و لە سەرتاسەری شەڕەکاندا بە یەکدەنگی و یەکڕەنگی و یەکگرتوویی ماونەتەوە**

# مێژووی سلێمانی پێمان دەڵێت هەردەم خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بووە



د. عمر ڕەنگینەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر توێژەرێکی بەویژدان ئەگەر بە مێژووی خەباتی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەرەکەیدا بچێتەوە، تەنیا دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە خەباتی بێ وچانی دانیشتووان و کەسایەتیی سیاسی و زانستی و ڕۆشنبیری و میرانی بابان و شێخ مەحموودی حەفید-ی مەلیکی کوردستان، لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و سەرفرازیدا بووە. هەر ئەو مێژووە پێمان دەڵێت: میرانی بابان کاتێک بەر لە دوو سەدە و زیاتر شاری سلێمانیان دامەزراند و وەکو پایتەختی میرنشینەکەیان دەستنیشانیانکرد، یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی ئەم دامەزراندن و گواستنەوەی پایتەختە لە قەڵاچۆلانەوە بۆ سلێمانی، ئەوە بووە کە خۆیان لە قەڵەمڕەویی دەسەڵاتداریێتی ئەوسای ئێران دووربخەنەوە، تاوەکو زیاتر و سەربەخۆتر بتوانن کاروباری حکومەتەکەی خۆیان بەڕێ بکەن و خۆیان لە گێچەڵی ئەو ئێرانییانە وەدوور بگرن، ئەمەش تەواو بە مانای ئەوە دێ کە بیری سەربەخۆیی هەر زوو لە لای میرانی بابان و دامەزرێنەرانی سلێمانی چەکەرەی کردووە، کە ئەو دەمانە ئەوان فەرمانڕەوای ناوچەیەکی بەرفراوان بوون لە هەموو دەڤەرەکانی سلێمانی و دەوروبەری کە ئەو دەمانە بریتی بوون لە شارەزوور، شارباژێڕ،

هەڵەبجە، هەورامان، گەرمیان، پشدەر و بیتوێن و کۆیە، تا دەگاتە رواندز لە هەندێك کاتیاندا، دیارە ئەمە بۆ خۆی سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە هاونیشتمانیانی شارە حیاتەکە و دەوروبەری بۆچی هەردەم عاشقی سەربەخۆیی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بوون و بە موو لەو ئامانجە پیرۆزە لایان نەداوە، هەر لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵکی سلێمانی دوای رووخانی میرنشینی بابان هەردەم بە تەواوەتی و بێ گرفت ملیان بە دەوڵەتی عوسمانی تورکیش نەداوە و هەمیشە لە ململانێی سەختدا بوون لەگەڵیدا و بەربەرەکانێی توندیان کردووە. هەروەها چامەکەی شاعیرانی مەزنی کورد و سلێمانی زادە، حەزرەتی نالی و کوردی، دەربڕی ناخی خەڵکی سلێمانین.

سەبارەت بە بیری سەربەخۆیی و نارازیبوون بە حوکمی بیانی لە ژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بوبێت، هەر ئەو مێژووی پەروەردەیە بوو کە وایکرد جارێکی دیکە و بەشێوازێکی نوێتر بیری سەربەخۆیی لە هەناوی شێخ مەحمودی حەفید-دا چەکەرەی کردەوە، ئەوە بوو ئەو پیاوە مەزنەی نەوەی شێخ مارفی نۆدێی و حاجی کاکە ئەحمەدی شێخ کە بە رەچەڵەك و بنەماڵە پێگەیەکی باڵای ئایینی و کۆمەڵایەتییان لە کوردستاندا هەیە، جارێکی دی رابەرایەتی خەڵکی کوردستانی خستەوە ئەستۆ و لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا راسان و شۆڕشی بەرپا کردەوە و بە رووی داگیرکەرانی کوردستاندا وەستایەوە. ئەو زاتە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بە رووی گەورەترین داگیرکەردا راچەنی کە زۆربەی گەلانی دنیا ملیان بۆ نەوی کردبوو، ئەویش کۆلۆنیالی ئینگلیز بوو. دواتر ئەوە بوو کە شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩١٩ سەربەخۆیی بۆ ناوچەکانی بندەستی خۆی راگەیاند و وەکو مەلیکی کوردستان خۆی بە خەڵکی ناساند و کابینەی حکومەتی راگەیاند، ئەمانە و هەموو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و رووبەڕووبوونەوەکانی بەرامبەر حوکمڕانانی ئەوسای ئینگلیز و حوکمی پاشایەتیی عێراق سەلمێنەری ئەوەن کە دانیشتووانی سلێمانی و دەوروبەری و رابەرانی خەڵکەکەی هەردەم بیری سەربەخۆیی لە ناخ و هەناویاندا بزر نەبووە، هەر وەکو نموونەیەکی زیندووش لە ساڵی ١٩٣٢ دا کاتێك راپەڕینی بەر دەرکی سەرای سلێمانی لەلایەن خەڵکی سقیلی بێ چەکی ئەم شارە قوربانیدەرەوە ئەنجام درا و نزیکەی بیست شەهید و دەیان بریندارى لێکەوتەوە، لەو راپەڕینەدا کە بە (شەڕی بەر دەرکی سەرای سلێمانی) ناوبانگی دەرکردووە، ئەویش بە هەمان شێوە لە پێناوی وەدیهێنانی سەربەخۆییدا بووە بۆ باشووری کوردستان، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوسای ناسراو بە (عصبە الامم) و حکومەتی پاشایەتی عێراق هیچکام لە بەڵێنەکانی خۆیان کە دابوویان لە کۆنگرەی سیڤەردا سەبارەت بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان کە ئەو کات بە (ویلایەتی موصل) دەناسرا، نەهێنایەدی و دواجاریش هەر لە سۆنگەی ئەو راپەڕینەوە شێخ مەحمود لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە پیرانەوە خۆی کۆکردەوە و جارێکی تر بە هێزێکی زۆری پێشمەرگە و چەکدارەوە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە سەرۆك خێڵەکان بەرەو باشوور هاتەوە و سەر لە نوێ شۆڕشی بەرپا کردەوە و خۆی هاوکارەکانی یاداشتێکیان دایە ئینگلیزەکان و حوکمڕانانی پاشایەتی عێراق کە بەندە گرنگەکانی ئەو یاداشتە بریتیبوون لە:

١. دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین و هیچ عەرەبێك (نە سەرباز نە سقیل) لەم شوێنانەدا نەمێنن.

٢. ئەم ناوچەیە واتە: کوردستان لە ژێر چاودێری حکومەتی بەریتانیادا بێت تاوەکو کۆمەڵی ئەقوام (عصبە الامم) بڕیارێکی لەسەر دەدات.

٣. ئازادکردنی ئەو کەسانەی بە هۆی شەڕی بەر دەرکی سەراوە گیراون و دوور خراونەتەوە، بگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان.

٤. هەر ئەفسەر و فەرمانبەرێکی کورد لە وڵاتی عەرەبستاندا هەیە بنێردرێتەوە بۆ کوردستان .

ئەگەر جارێکی دی بە وردی چاو بە مێژووی شاری هەڵمەت و قوربانی و هەموو دەقەرەکانیدا بخشێنینەوە، ئەوە دەبینین کە خەڵکی سلێمانی باشترین پشتیوانییان لە کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە مەهاباد کردووە و هەردەم راستەوخۆ پێوەندیی بەهێز هەبووە لە نێوان کەسایەتییە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکانی سلێمانی و کارەکتەرەکانی حوکمڕانی لە کۆماری کوردستاندا. هەر دەرئەنجامی ئەو پێوەندییانە و هەژموونی کۆمار بوو، کە بۆ یەکەم جار لە شارە حیاتەکە یەکگرتنی هەردوو حیزبی هیوا و رزگاری و گروپەکانی تر رویدا و بۆ یەکەم جار پارتی دیموکراتی کورد راگەیەندرا،

■

**جێی خۆیەتی هەموو هێز و لایەنەکان ئەوە بزانن کە بەم هەموو خەبات و قوربانییە زۆر و زەوەندەیەی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بە کوردستانیان پێشکەش کردووە، لەهیچ کەس و هێزو لایەنێك قبووڵ ناکەن بە ناوی ئەوانەوە سازش لە سەر مافە سروشتییەکانی خەڵك و خاکی کوردستان بکرێت**

■

**خەڵکی سلێمانی هەموو ئەو دەقەرانەی لەسەر سلێمانی هەژمار دەکرێن، لە پێناوی سەربەخۆییدا ژێلەمۆی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بوون و هەرواش دەمێنن، بۆیە هیچ کەس و هێز و لایەنێکی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی مافی ئەوەی نییە، بە ناوی ئەوانەوە پرسی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان رەتبکاتەوە**

■

**بە درێژایی حوکمرانی حزبی بەعسی گۆڕبەگۆڕ و سەدامی دیکتاتۆری لەناوچوو سلێمانی زیاد لە شارەکانی دیکەی کوردستان نموونەی بەرخۆدان و رووبەڕووبوونەوەی ستەمی دیکتاتۆری بووە، تەنانەت بەعسییەکان ناویان لێنابوو «شارە سەختەکە» و پیلانیان دارشتبوو لە نزیکترین دەرەفەتدا لەسەر نەخشە بیسرنەوەو خەڵکەکەی بەش بەش و پەرتەوازە بکەن**

**کاتێک باڵی مەکتەبی سیاسیی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بە لاڕێدا ڕۆیشتن و لە ئامانجەکانی دروستبونی پارتەکەیان لایان دا —لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی رابردوودا- خەڵکی سلێمانی بە تەواوەتی پشتیان لەو باڵە کرد، راستیی پشتتێکردنەکەش بە باشی لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا دەرکەوت کە هەر بە دەرچوونی بەیانەکە تێکڕا خەڵکی شار و دەوروبەری بە تانە و تەشەر لەو باڵە رژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان**

**خەڵکی سلێمانی باشترین پشتیوانییان لە کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە مەهاباد کردووە و هەردەم راستەوخۆ پێوەندیی بەهێز هەبووە لە نێوان کەسایەتییە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکانی سلێمانی و کارەکتەرەکانی حوکمڕانی لە کۆماری کوردستاندا. هەر دەرنجامی ئەو پێوەندییانە و هەژموونی کۆمار بوو، کە بۆ یەکەم جار لە شارە حەیاتەکە یەکگرتنی هەردوو حیزبی هیوا و رزگاری و گروپەکانی تر رویدا و بۆ یەکەم جار پارتی دیموکراتی کورد راگەیەندرا، وەکو پارتێکی ناسیۆنالیستی کوردی کە خەبات بکات لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، و هاوکات سەرانی ئەم پارتە سیاسییە نوێیە دیسانەوە هەر لەسلێمانییەوە بارزانیی نەمریان وەکو سەرۆکی پارتەکە راگەیاند**

وەکو پارتێکی ناسیۆنالیستی کوردی کە خەبات بکات لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، و هاوکات سەرانی ئەم پارتە سیاسییە نوێیە دیسانەوە هەر لەسلێمانییەوە بارزانیی نەمریان وەکو سەرۆکی پارتەکە راگەیاند. لێرەوە جێگەی خۆیەتی باسی ئەوەش بکرێت رۆژانێك کە مەلا مستەفای بارزانی لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوودا لەم شارە دەستبەسەر و دوورخراوە، کەسایەتی و دانیشتووانی سلێمانی هەردەم خۆشەویستییان بۆ ئەو نیشان داوە و هاوکاریی بارزانی و هاوڕێکانیان کردووە و پێوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵیاندا بەستووە، هەر ئەوانیش بوون هاریکاریان کرد بۆ دەربازبوون لە دەستبەسەری و دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە دەڤەری بارزان، هەر ئەو پێوەندییە گەرمە و خۆشەویستییەی کە بۆ بارزانی هەیانبوو، وای لە خەڵکی کوردپەروەری ئەم شارە کردبوو کە لە سەردەمی حوکمڕانی یەکەمی بەعس و تاوانباری گەورە زەعیم سدیق-ی گۆڕبەگۆڕ و کوشتار و رەشبگرییەکانی ئەو دڕندەیەدا، خەڵکی شەرەفمەندی سلێمانی لە ژێر هیچ ئەشکەنجە و ئازارێکدا ئامادە نەبوون بچووکترین سووکایەتی بە بارزانی بکەن، تەنانەت هەندێکیان مردنیان هەڵبژارد و نەیانهێشت دوژمنە دڵڕەقەکان هەست بەچێژی خۆشی سووکایەتیکردن بە بارزانی بکەن، کە ئەو کات سەرکردە و سومبولی خۆڕاگری و بەرخودانی نەتەوەی کورد بوو.

نموونەیەکی زیندووتری عەشقی سەربەخۆیی لەلای خەڵکی سلێمانی ئەوە بوو کاتێك باڵی مەکتەبی سیاسیی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بە لاڕێدا رۆیشتن و لە ئامانجەکانی دروستبونی پارتەکەیان لایان دا —لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی رابردوودا- خەڵکی سلێمانی بە تەواوەتی پشتیان لەو باڵە کرد، راستیی پشتتێکردنەکەش بە باشی لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا دەرکەوت کە هەر بە دەرچوونی بەیانەکە تێکڕا خەڵکی شار و دەوروبەری بە تانە و تەشەر لەو باڵە رژانە سەر شەقام و کۆڵانەکان.

بە درێژایی حوکمڕانی حزبی بەعسی گوڕبەگۆر و سەدامی دیکتاتۆری لەناوچوو سلێمانی زیاد لە شارەکانی دیکەی کوردستان نموونەی بەرخۆدان و رووبەڕووبوونەوەی ستەمی دیکتاتۆری بووە، تەنانەت بەعسییەکان ناویان لێنابوو «شارە سەختەکە» و پیلانیان داڕشتبوو لە نزیکترین دەرەفەتدا لەسەر نەخشە بیسڕنەوەو خەڵکەکەی بەش بەش و پەرتەوازە بکەن. ئەوکات خەڵکی ئەم شارە هەردەم سەرقافڵەی پێشمەرگایەتی بوون لە هەر دوو شۆڕشی گوڵان و شۆڕی نۆیدا لە نێو هەر دوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبە شۆڕشگێڕەکانی دیکەدا، قوربانی و شەهیدی ئەم شارە چ لە پێشمەرگایەتی و چ لە زیندانەکانی داگیرکەراندا سەرقافڵەی زیندانی و شەهیدانی کوردستان بوون. کەواتە ئەمانەی باسکران کە بۆ خۆیان مشتێکن لە خەروارێك ئەوە بە باشی رووندەکاتەوە کە خەڵکی سلێمانی هەموو ئەو دەڤەرانەی لەسەر سلێمانی هەژمار دەکرێن، لە پێناوی سەربەخۆییدا ژیلەمۆی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بوون و هەرواش دەمێنن، بۆیە هیچ کەس و هێز و لایەنێکی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی مافی ئەوەی نییە، بە ناوی ئەوانەوە پرسی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان رەتبکاتەوە. لەهەمان کاتدا خەڵکی ئەم شارە و هەموو دەڤەرەکانی دەوروبەری بایی ئەوەندە خەبات و خوێنیان داوە کە ببێتە مایەی سەربەخۆیی سەرتاسەری کوردستان، نەك تەنیا باشووری کوردستان. ئەمە چ جای ئەوەی تێکڕای خەڵکی کوردستانیش هەر دەڤەر و بە قەدەر خۆی و زیاتریش لە خەبات و قوربانیدان درێغییان نەکردووە.

بۆیە جێی خۆیەتی هەموو هێز و لایەنەکان ئەوە بزانن کە بەم هەموو خەبات و قوربانییە زۆر و زەوەندەیەی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری پێشکەش بە کوردستانیان کردووە، لەهیچ کەس و هێزو لایەنێك قبووڵ ناکەن بە ناوی ئەوانەوە سازش لەسەر مافە سروشتییەکانی خەڵك و خاکی کوردستان بکرێت، یان سنوور بخرێتە نیوان پارێزگا و شارەکانی باشوورەوە. مێژووی ئەم شارە هەردەم ئەوەی سەلماندووە کە پشتگیری لە هەر کەس و لایەنیك دەکەن، تاوەکو ئەو جێیەی مافە سروشتی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان پارێزراو بێت، هاوکاتیش پشت دەکەنە هەر کەس و هێز و لایەنێك کە بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە بجووڵێتەوە و خواستە نەتەوەیی و میللییەکانی خەڵکی کوردستان لە بیر بکات. بۆیە بە بێ دوودڵی سلێمانی و دانیشتووانەکەی هەردەم پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستانی باشوور و هەموو کوردستانن.

---

***مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

# بۆ هەندێ لا.. گرنگییان پێ نەدا؟



**شازاد ئەنوەر**

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

پرۆتۆکۆلی سەربازیی نێوان حکومەتی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە هەولێر بە ئامادەبونی سەرۆك بارزانی لە نێوان وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت و جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکا واژۆکرا، ئەوەش هەنگاوێکی نەوعی بوو لە پێوەندیی نێوان گەورەترین وڵاتی جیهان لە بورای سەربازی و ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان، (هەڵبەت من لە هیچ کام لە نووسینەکانم وشەی هەرێم بەکار نەهێناوە، بەڵام بۆ ئەم وتارە پێویستی کرد).

ئەمریکا بە درێژایی مێژووی خۆی راستەوخۆ لەناو دەوڵەتێکدا کە هاوپەیمانی بووبێ، نەهاتووە ئیمزای لەمجۆرە لەگەڵ هەرێمێکی هەمدیس هاوپەیمانی ئەنجام بدات، لێرەدا سەنگی کوردستان و پێشمەرگە بە ڕێبەرایەتی سەرۆك مسعود بارزانی دەردەکەوێ کە کوردستان چ کاریگەرییەکی جیۆستراتیژی و سەربازی هەیە لە ناوچەیەکدا کە سەرتاپای گڕی گرتووە و داروبەرد بە دوای هاوپەیمانی لەم شێوەیە دەگەڕێ لەگەڵ ئەمریکادا.

● هەرێمی کوردستانی باشوور لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بۆ هەمووانی سەلماند چ قورساییەکی هەیە لە هەموو بوارەکان، تەنانەت هێندە بەسە پاپای فاتیکان وتی: نازانم چۆن چاکەی حکومەت و گەلی کوردستان بدەمەوە لەپای لەخۆگرتن و ڕێزگرتنی ئەو هەموو مەسیحییە غەوارانەی روویان تێ کردووە..

قسەکانی سەرۆکی فەرەنسا و دەیان سەرۆك و سەرۆك وەزیر و پلەداری دیکە بە هەمان شێوە لەمەڕ خۆڕاگری و جەربەزەیی و لێبووردەیی کوردستان و خەڵکەکەی چەندبارە بۆتەوە.

● بێمەوە سەر ئەسڵی مەتڵەب، ئەم ڕێککەوتنە مەغزا و دوورابییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە. چۆن؟

وڵاتانی ناوچەکە زیاتر حیساب بۆ پێگەی کوردستان دەکەن و ئیتر لەمەودای دوور و تا رادەیەك نزیکیش ناتوانن تەشقەڵەی پێ بکەن و گرفت و ئاریشەی جۆراوجۆری بۆ دروست بکەن، جگە لەوە ئارامی و پێکەوەژیانی هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوەکان وێڕای چوونە سەر نەخشەی جیهانی دەماری پترۆڵ فاکتەرێکی ترن کە دەبێ وەکو دیفاکتۆیەکی تازەی نەخشەی نوێی ناوچەکە لە ئێستاوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

● هەڵبەت زۆر دوورایی تری هەیە کە هەوڵدەدەم لە شوێن و بۆنەیەکی دی لەسەری بئاخڤم، چونکە لەم وتارە کورتە جێی نابێتەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لە کۆتا بیڵێم، ئەوەیە کە جگە لە میدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنەکانی دیکە بە کەمترین دەربڕین باسی ئەو رووداوە گرنگەیان کرد. ئەمە وەکو ئەوە وایە ڕێککەوتنەکە لە نێوان پارتی و ئەمریکا بێ! لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوە تەسکەی هەموومان بەدەستییەوە دەناڵێنین. بەڕێزان ئەمە ڕێککەوتنی کوردستانە و هی خوێنی شەهیدان و رابردوو و ئێستای پرشکۆی هەموانە، ڕێککەوتنی خەونی ئایندەی نزیکی نەتەوەیی تێکرامانە، بۆیە گرنگی پێ نەدان و بچووك تەماشاکردنی وەکو ئەوە وایە گرنگی بە رابردووی خۆمان و ئاسۆی داهاتوومان نەدەین. بێگومان ئەندازیاری ئەو قۆناغ و سەرکەوتنانە سەرۆك بارزانی-یە و ئەوانەشی بیانەوێ خۆیان نابەڵەد و نادیدە بگرن بە فیعلی نابەڵەد و کورتبینن.

# پرۆتۆکۆلی سەربازیی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان و سەرەتای قۆناغێکی تازە

«قارەمانێتی و قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دیپلۆماسییەتی سەرکەوتووی هەرێم و پێوەندییە بەهێزەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاربەدەستی نێودەوڵەتی و ئامادەبوونی شەخسیی بەڕێزیان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدا، ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕێککەوتنە مێژووییە.»



سەربەست بامەڕنی

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ڕووداوێکی گرنگ و بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە لە هەرێمی کوردستاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و حکومەتی هەرێم پرۆتۆکۆلێك بۆ هاوکاریی سەربازیی بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە هێزەکانی تیرۆری جیهانی واژۆبکەن.

بە پێی ئەو ڕێککەوتنە چەك و تەقەمەنی و پشتیوانیی ئاسمانی و شارەزایی جەنگ و مووچەی پێشمەرگە کە ڕەنگە بگاتە نیو ملیار دۆلار دابین دەکرێت. ئەو ڕێککەوتنە هەر لەخۆڕا نەهاتۆتەئاراوە، بەڵکو لە ئەنجامی سیاسەتی دروست و دانایی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتەکەیەتی، هەروەها وەك گرنگیدانێکە بە ڕۆڵی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر کە بەو چەکە سووك و سادە و ئەو توانا سنووردارە، توانیویانە بەر بە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بگرن، کە ئەوان بە چەك و تەقەمەنی تازەوە شەڕیان لەگەڵدا دەکەن. ئەو چەکانەی کە لە سوپاو پێکهاتە سەربازییەکانی هێزی هەڵاتوو و هەرەسهێناوی عێراق بەدەستیان هێناوە، یاخود لە ناو خاکی سووریاشدا دەستیان بەسەردا گرتووە. ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو جیهانی سەرسام کردووە، بەوەی کە ڕێز لە گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی و هێزی پێشمەرگە بگرن و ناچاربن کە بە پێویستی بزانن بەپێی توانا یارمەتی بدەنە حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگە کە لە ئێستادا بۆتە هێما و سومبل و سەرەڕمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهان دژ بە هێزەکانی تیرۆر کە تینووی خوێن و کاولکارین.

ئەوەی تا ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع ڕوویداوە گەواهیدەری ئەو بەرگری و بەرخۆدان و قارەمانێتیی گەلی کوردستانە کە دڵنیاین هەر درێژەی دەبێت و پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنێت تا ئەو کاتەی کۆتایی بە بوونی تیرۆریستانی داعش دەهێنێت و لە ڕەگ و ریشەوە هەڵیدەکێشێت، ئەوەی کە هێشتا لەوەش گرنگترە ئەوەیە کە ئەو پرۆتۆکۆلەی لەنێوان ئەمریکاو هەرێمی کوردستان واژۆکراوە گوزارشتە لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك دەسەڵات و دەوڵەتی ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کرد، دوای ئەوەی کە هەرێم توانا و مامەڵەی



خۆی لەگەڵ رووداوەکە بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە سەلماندو بەشدارییەکی کارای لە هەوڵ و مامەڵەی نێودەوڵەتیدا کرد بەرامبەر ئەو ئەرکە سەختە، ئەو پرۆتۆکۆلە جەخت دەکاتەوە لە بەردەوامیی پشتیوانی و هاوکاریی پێشمەرگە تا دوای قۆناخی کۆتایی تیرۆریستانی داعش، لەلایەکی دیکەوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێکی دانپێدانراو لەنێو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا دژ بە تیرۆری جیهانی، بۆیە ناکرێ و ئەستەمە جیهانی سەردەم و لەسەرروویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بهێڵێت کە هەرێمی کوردستان دووچاری هەر هەڕەشەیەکی جددی ببێتەوە چ لە ناو عێراق یان لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانی دژ بە ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان.

قارەمانێتی و قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دیپلۆماسییەتی سەرکەوتووی هەرێم و پێوەندییە بەهێزەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاربەدەستی نێودەوڵەتی و ئامادەبوونی شەخسیی بەڕێزیان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدا، ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆ سەرکەوتنی ئەو رێککەوتنە مێژووییە، نەک تەنیا لە رووی سەربازییەوە، بەڵکو لە رووی سیاسیشەوە بە هەموو رەهەند و لێکەوتەکانیەوە، بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا پەرەپێدانی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت، بەتایبەتیش ئەگەر حزبە کوردستانییەکان پابەندبن بە یەکێتیی ریزی نیشتمانی و بە زووترین کاتیش ریفراندۆم دەربارەی چارەنووسی کورد ئەنجام بدەن.

ئەو پرۆتۆکۆلە سەرەتایەکە بۆ قۆناخێکی تازەی سەرجەم بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان و هەنگاوێکی گرنگ و بەرچاویشە لە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەتی، دڵنیاشین کە دەوڵەتانی دیکەش بەم زووانە چاو لە ئەمریکا دەکەن و دێن رێککەوتنی هاوشێوە لەگەڵ هەرێمدا واژۆدەکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا و بە هەموو پێوانە و نۆڕمێك دەستکەوتێکی گەورەیە، بەڵام ئایا ئەوانەی گومانیان لەو دەستکەوت و رووداوە مێژووییە هەیە لە راستی و رەهەندەکانی ئەو پەرەسەندنانەی ئێستای سەر ئەزری واقیع تێدەگەن؟ بەڵکو بگەنە ئەو راستییە لەپێناو ئایندەیەکی رۆشنتر و پرشنگدار بۆ هەموو لایەکمان.

### لەناو گێژاوی کودەتایەکی شکستخواردوودا

# ئەردۆگان و ئاک پارتی بە دوای باڵادەستیی زیاتردا دەگەڕێن





هەمــوو چاودێـران و کەسـانی تایبەتمەنـد لـە کاروبارەکانی تورکیا، باس لەوە دەکەن کە هەوڵی کودەتای ئەم جارە بێ پێشینە بوو، هەڵبەتە لەو رووەوە کە هاوشێوەی کودەتاکانی دیکە نەبووە کە لە مێژووی تورکیادا روویان داوە. جیاوازییەکەش لە ئەنجامدەرانی کودەتاکە و شێوازی جێبەجێکردن و بەهەڵەداچوونی کودەتاچییەکان و ئەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانەدا بەرجەستە دەبێت کە لەم کودەتایەوە دروست دەبن. هەروەها ئەم رووداوە وەك گەردەلوولێك، یان بوومەلەرزەیەکی سیاسی وەسفکراوە، راستە بە شکست کۆتایی هات، بەڵام کۆمەڵگەی تورکی و دامەزراوەی حوکمڕانی لەو وڵاتەدا هەژاند و بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکەی لە ئایندەی دوور و نزیکدا هەستی پێدەکرێت.

راستە لە بەشێکی زۆری مێژووی تورکیادا، سوپا باڵادەست بووە بە سەر ژیانی سیاسیدا، چەندین جار گەیشتۆتە رادەی دەستێوەردانی راستەوخۆ، تا بە هەڵوەشاندنەوە و رووخاندنی حکومەتی دەسەڵاتدار کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەگەر قووڵتر رۆبچین و ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئەمجارە سوپا لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبووە؟ رەنگە وەڵامەکە لەوەدا بەرجەستە بێت کە ئەم کودەتاچییانە بە پشتیوانی جەماوەر پشتئەستور نەبوون، کەواتە کودەتاکانی پێشوو سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، لە بەر ئەوەی پشتیوانییەکی مەدەنی گەورەیان مسۆگەر کرد. کاتێك لە ١٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠دا، تانکەکان روویان لە باڵەخانەی پەرلەمان و حکومەت کرد، تورکەکان هەناسەی ئاسودەییان هەڵکێشا، لەبەر ئەوەی سوپا بەڵێنی کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی نێوان راسترەو و چەپڕەوەکان دا کە لە ماوەی چوار ساڵی پێشوودا هەزارانی کەسی لە ناوبرد.

دەستێوەردانەکەی ساڵی ١٩٩٧، کە هەندێ جار پێی دەوترێت کودەتای پۆست مۆدێرن، لەبەر ئەوەی لوتکەی هەوڵەکانی سوپا بۆ هاوکاریکردن بوو لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتان و ئەکادیمی و نوخبەی شارەکان و راگەیاندن و بزنسدا بۆ داماڵینی شەرعییەت لەو حکومەتە هاوپەیمانێتییەی کە ئەو پارتە ئیسلامییە سەرکردایەتی دەکرد، کە دواتر ئاك پارتی سەرچاوەی لێوەرگرت. بە پێچەوانەوە، ئەوەی لە شەوی هەینیی ١٥ی تەمموز روویدا، تەنیا بەشێك لە سوپا بوو کە هەوڵیاندا حکومەتەکە بڕووخێنن، پشتیوانییەکی جەماوەری کەمیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو. بەڵام کاتێك سەرۆك ئەردۆگان و بنئالی یڵدرمی سەرۆك وەزیران داوایان لە خەڵك کرد کە بەرەنگاری ئەو هەوڵە ببنەوە، ئەوا نەك هەر خەڵك و هەوادارانی ئاك پارتی، بەڵکو رەخنەگرانیش بەدەنگ بانگەوازەکەوە هاتن و ئەمەشیان ناو لێنا راپەڕین دژی کودەتاکە.

گرنگترین پرۆسەیەک کە تورکیا پێویستە دەستی پێ بکات، گوڕوتین بەخشینەوەیە بە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردی وڵاتەکە و هەوڵدانە بۆ کۆتاییهێنان بەو گرژی و ئاڵۆزی و شەڕەی لە نێو وڵاتەکەیدا دەگوزەرێت

ئەنجامدانی کودەتاکە هەڵگری چارەسەرێکی سیحری نەبوو بۆ دیموکراسیەتی تورکیا. چونکە لە باشترین حاڵەتدا، سەریدەکێشا بۆ جۆرێکی دیکە لە خۆسەپێنی. لە خراپترین حاڵەتیشدا، رەنگە ببوایەتە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی

### ● ئەگەر کودەتاکە سەرکەوتوو بوایە ئایندەی تورکیا بە تاریکی دەسپێردرا

سەرکۆنەکردنی کودەتا شکستخواردووەکە، پاکانە و پاساو نییە بۆ پاکی و بێگەردی و بێخەوشی حوکمڕانییەکەی ئەردۆگان، بەڵکو ئەوەی دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە کە دەمانەوێت لەسەر خواستی خەڵك بۆ سەقامگیری و دڵنیایی رابوەستین. خەڵکی ئەو سەقامگیرییە ئابوورییە فەرامۆش ناکەن کە لە ماوەی حوکمڕانی ئاك پارتیدا بەدیهاتووە، سەرەڕای ئەوەش ئاك پارتی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا توانیویەتی متمانەی خەڵك بە ئەدای خۆی لە حوکمڕانیدا بەدەست بێنێت و درێژی بکاتەوە. واتە دەتوانین بڵێین هەمیشە ئەدای ئابووری یەکێك بووە لە کلیلە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا. چونکە توانیویەتی قۆناخی چەقبەستن و پووکانەوەی ئابووری تێپەڕێنێت و رۆژگاری سەقامگیری و گەشەی ئابووری و بنیادنانی ژێرخانی وڵاتەکە بخاتەگەڕ. کەواتە ئەگەر لێرەدا پرسیارەکەی پێشوو پێچەوانە بکەینەوە و بڵێین: بۆچی ئەم جارەیان هەوڵی کودەتاکە نەك هەر پشتیوانی و پێشوازی خەڵکی لەگەڵدا نەبوو، بەڵکو خەڵکی خۆیان هۆکارێکی سەرەکی بوون لە شکستپێهێنان و کۆتاییپێهێنانیدا. واتە ئەگەر پشتیوانی خەڵك لە کودەتاکانی پێشوو بە ئامانجی کۆتایی پێهێنان بوبێت بە ئاژاوە و پشێوی و ناسەقامگیری، ئەوا بەرهەڵستی و بەرگری ئەم جارەی خەڵك و پووچەڵکردنەوەی هەوڵی کودەتاکە بۆ رێگرتن بوو لە سەرهەڵدانی نائارامی و رۆژگارێکی پڕ لە شڵەژان.

کەواتە لە ئێستادا کە هەلومەرجێکی پێچەوانە لە تورکیادا باڵادەستە، یاخود بەلای کەمەوە دۆخەکە نەگەیشتۆتە رادەیەکی وا کە خەڵکی کودەتای سەربازی بە بەدیلێکی باشتر بزانن، ئەوا ئەو کەسانەی هەڵسان بە ئەنجامدانی هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکە خوێندنەوەیەکی



گونجاویان بۆ بارودۆخەکە نەبووە، خۆ ئەگەر پێشبینی ئەوەیان کردبێت، پشتیوانی خەڵکی بەدەست دەهێنن، ئەوا دیارە بە رادەیەکی گەورە بە هەڵەداچوون، چونکە کاردانەوەی خەڵك و بگرە دەزگاکانی راگەیاندنیش، هەروەها پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانیش نەك لەگەڵ ئەنجامدانی کودەتادا نەبوون، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك رەتیان کردەوە و سەرزەنشتیان کرد. سەبارەت بەم لایەنە وەك مایکڵ کۆپلۆ لە وتارێکی بە ناونیشانی "Erdogan's Prophecy: The Coup Attempt Will Leave Him Stronger". لەگۆڤاری (فۆرین ئەفێرز) دەڵێت: «لە راستیدا ئەنجامدانی کودەتاکە هەڵگری چارەسەرێکی سیحری نەبوو بۆ دیموکراسیەتی تورکیا. چونکە لە باشترین حاڵەتدا، سەریدەکێشا بۆ جۆرێکی دیکە لە خۆسەپێنی. لە خراپترین حاڵەتیشدا، رەنگە ببوایەتە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە سەرجەم پارتە بەرهەڵستکارەکانی تورکیا ئیدانەی کودەتاکەیان کرد، تەنانەت پێش ئەوەی سەرئەنجامەکەشی یەکلابێتەوە، ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بۆ زۆرینەی خەڵکی تورکیا ئەو کودەتایە لە رووی سیاسییەوە پاشەکشەیە و هەنگاوهەڵگرتنە بۆ دواوە.»

**● کودەتاکە شکستی هێنا**
**دەرفەتێکیشی بۆ پێداچوونەوە خوڵقاند**

لەگەڵ ئەوەی تورکیا ئەگەرێکی پڕ لە مەترسی و پێنانە ئایندەیەکی نادیاری تێپەڕاند، هەروەها ئەگەرچی حکومەت توانی باڵادەستی بەدەست بێنێتەوە و جڵەوی کاروبارەکانی بگرێتەوەدەست، بەڵام هەروەك هێنری بارکی لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "The Gang That Couldn't Shoot Straight" دەڵێت: «کودەتاکان، بە سەرکەوتوو و شکستخواردووەکانیانەوە، وەك گوزرێکی کاریگەر و توند وایە کە لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتەکە دەدرێ. دوای چەندین ساڵ، کە هێشتا برینەکان بە تەواوەتی ساڕێژ نەبوون، ئازار بە پێکهاتە سیاسییەکە دەگەیەنن و ئاڵ و گۆڕ بە سەر رەفتاری هەموو کەسێکدا دەهێنن، هەر لە سیاسییەکانەوە بیگرە تاوەکو هاووڵاتیانی ئاسایی.» بەڵام لە کۆتایی وتارەکەیدا باس لەوە

**سەرکۆنەکردنی کودەتا شکستخواردووەکە، پاکانە و پاساو نییە بۆ پاکی و بێگەردی و بێخەوشی حوکمڕانییەکەی ئەردۆگان، بەڵام دەمانەوێت لەسەر خواستی خەڵک بۆ سەقامگیری و دڵنیایی رابوەستین**

**خەڵکی ئەو سەقامگیرییە ئابوورییە فەرامۆش ناکەن کە لە ماوەی حوکمڕانی ئاک پارتیدا بەدیهاتووە، سەرەڕای ئەوەش ئاک پارتی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا توانیویەتی متمانەی خەڵک بە ئەدای خۆی لە حوکمڕانیدا بەدەست بێنێت و درێژی بکاتەوە**

دەکات کە «هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەوانەی نازانن لە دەستڕێژەکانیاندا ئامانجەکە بپێکن، شکستیان هێنا، بەڵام زیانەکە لە تورکیا کەوتۆوە و سێبەری ئەم رووداوەش بەردەوام دەبێت نەك تەنیا بەسەر سیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە، بەڵکو بەسەر پێوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەشدا ئامادە دەبێت». هەروەها زۆر وتراوە کە حکومەتیش بەشێك لە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی، بەهۆی ئەوەی سیاسەت و شێوازی حوکمڕانییەکەی دۆخێکیان خولْقاند ببێتە هۆی ئەوەی کەسانێك بیر لە پەنابردنەبەر کودەتا بکەنەوە، لە هەمان کاتدا زۆر باس لەوەش دەکرێت کە ئەمە دەرفەتێك دەخولْقێنێت بۆ ئەردۆگان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی زیاتر بچەسپێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەمە بە دەرفەتێك لەقەڵەم بدرێت بۆ پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان، چونکە هەروەك باڵیۆز رۆبەرت پییەرسۆن لە وتارێکیدا بە ناونیشانی What Caused the Turkish Coup Attempt" "، دەڵێت: «کودەتاکان کردەوەیەکی نادیموکراتین و لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا جێیان نابێتەوە. هەوڵەکەی ١٥ی تەمموز گورزێکی گەورە بوو بۆ تورکیا و هەڵەیەکی مێژوویی بوو. هیچ تورکێك خەو نەچووە چاوی لە شەوی ١٥-١٦دا. یادەوەری ئەو شەوەش بۆ نەوەیەکی تەواو لە هزر و هۆشی تورکەکاندا دەمێنێتەوە. بەڵام ئەوەش لەسەر حکومەت فەرز دەکات کە بە روونی لەوە تێبگات کە چ شتێك بە راستی بووە هۆی ئەوەی زەمینەی دروستبوونی کردەوەیەکی لەم جۆرە بێتەوەئاراوە و دەبێت زیاتر خۆی لە خەڵك نزیك بکاتەوە. چونکە ئەوە بۆ یەکەمجارە لە سایەی حوکمڕانی ئاك پارتیدا توندوتیژی چەکداری ببێتە بەشێك لە هاوکێشەکە. خۆ ئەگەر بێت و کاردانەوەی حکومەت سنووردارکردنی زیاتری ماف و ئازادییەکان بێت، ئەوا ئەو بارگرژییەی ئێستا بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە و ئەو کاتە دەرگا بە رووی توندوتیژیدا والاتر دەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی تورکیادا نییە.»

## ● لێکەوتەکانی کودەتاکە

ئاشکرایە کە تورکیا وڵاتێکە میحوەری و خاوەن قورساییە و هەرچۆن رووداوەکانی دەوروبەر کاریگەریان دەبێت لەسەر رەوشی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، بە هەمان شێوە ئەوەی لە ناوخۆی ئەو وڵاتەشدا دەگوزەرێت، رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بەو پێیە تورکیا هەم رۆڵی هەیە لەسەر رەنگڕێژکردنی رەوتی روداوەکانی ناوچەکە و پێچەوانەکەشی هەر راستە و هەل و مەرجە ناوچەییەکەش ئەو وڵاتە دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەوەی لە رۆژی ١٥ی ئەم مانگەدا روویدا، رووداوێکی هەژێنەر و زەمین لەرزەئاسا بوو، کە تا ئێستاش بە یەکجاری ئەو رووداوە کۆتایی نەهاتووە و دەرئەنجام و ئاکامی نزیك و دوورمەودای دەبێت لەسەر ئایندە و چارەنووسی ئەو وڵاتە، بێگومان کاریگەریشی لەسەر سیاسەتی دەرەکی و پێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا دەبێت بە دۆست و هاوپەیمان و هەروەها بە رکابەر و دژەکانیشیەوە، بەتایبەتی کە تا ماوەیەکی دیکە تورکیا لە ناوخۆدا سەرقاڵ دەبێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم رووداوەدا و ئەمەش جۆرێك لە دابڕان، یان گۆشەگیری بۆ دروست دەکات و دەبێتەهۆی ئەوەی کاریگەری و رۆڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی تورکیا کەم ببێتەوە. لەبەر ئەوە گرنگە بۆ تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەوڵبدات نێوماڵی خۆی رێکبخاتەوە و جۆرێك لە ئارامی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەك وڵاتێکی گەورە و گرنگ سەنگ و قورسایی خۆی بەدەست بێنێتەوە لە هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا. راستە ئەو پرۆسەی پاکسازی، یان مامەڵەکردنە لەگەڵ پاشماوەی کودەتا شکستخواردووەکە کاتی دەوێت و ماوەیەکی پێدەچێت کە تاوەکوو زۆرێك لە تەم و مژیەکان دەڕەوێنەوە و بارودۆخەکە رێچکەی خۆی دەگرێتەوە. هەروەها راستە کە ئێستا تورکیا سەرقاڵە بەو پرسەوە و هەموو تەرکیزی لەسەر ئەوەیە کە چۆن ئەو مەترسییە بە تەواوەتی برەوێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین پرۆسەیەك کە تورکیا پێویستە دەستی پێ بکات، گوڕوتین بەخشینەوەیە بە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردی وڵاتەکە و هەوڵدانە بۆ کۆتاییهێنان بەو گرژی و ئاڵۆزی و شەڕەی لە نێو وڵاتەکەیدا دەگوزەرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تۆکمەکردنەوەی بەرەی ناوخۆیی، هەروەها هۆکارێك دەبێت بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ناوخۆیی تورکیا کە دابەشبوون و جەمسەرگیری باڵادەستە بەسەریدا.



## دیڤید فلیپس:

# ئەگەری پێداچوونەوە بە ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆ لە ئارادایە

**پرۆفیسۆر دیڤید فلیپس بەڕێوەبەری دیراساتی بونیادنانی ئاشتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا، لە وتارێکیدا کە لە (هۆفینگتۆن پۆست) بڵاوی کردۆتەوە، باس لەوە دەکات کاردانەوە توندەکانی ئەردۆگان دوای کودەتاکە لەلایەن ناتۆوە چاودێری دەکرێت و ئەگەری ئەوە هەیە ناتۆ چاو بە ئەندامیەتی تورکیا لە ناتۆدا بخشێنێتەوە.**

دوای کودەتا شکستخواردووەکەی هەفتەی رابردوو. ئەردۆگان هۆشداری دا بەوەی: «ئەم کودەتایە هەوڵێکی خیانەتکارانە بووە و ئەنجامدەرانی باجێکی گرانی لەبەرامبەردا دەدەن.» لەمەش زیاتر گوتی: «ئەم هەنگاوە دیارییەکە و لەلایەن خواوە هاتووە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بواری ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە پاکسازی لە هێزە چەکدارەکاندا بکەین، کە پێویستە بە تەواوەتی پاك بکرێتەوە.»

دیارە لە ماوەی تەنیا پێنج رۆژی دوای کودەتاکە ٥٠ هەزار بەرپرسی سەربازی، پۆلیس، دادوەر و رۆژنامەنووس و پارێزگار و کارمەندی حکوومی دەستبەسەرکراون، دوورخراونەتەوە، یان دەرکراون.

راگری کۆلێژەکان- کە ژمارەیان زیاترە لە ١٥٠٠ راگر، ناچارکراون دەست لەکار بکێشنەوە، ١٥ هەزار مامۆستاش دوورخراونەتەوە. هەروەها رێگرییان لێ دەکرێت کە وڵات جێبهێڵن. هیچ کەسێك کە پاسپۆرتی رەسمیشی پێبێت، ناتوانێت گەشت بکات. کارمەندانی حکومەت دەبێت بۆ گەشتکردن مۆڵەتی تایبەتی وەربگرن.

کەسانی «موعارەزە» لە مەترسیدان. لێکۆڵینەوە لە خەلفیەتیان دەکرێت بۆ ئەوەی روون بێتەوە ئایا پێوەندیان بە فەتحوڵا گولەن ـەوە هەیە، یان نە. گولەن ئەو بانگخوازە ئیسلامییەی لە پەنسلڤانیا نیشتەجێیە، ئەردۆگان تۆمەتباری دەکات بە پیلانگێڕی بۆ ئەنجامدانی کودەتا. هەروەها ئەرۆدغان باری نائاسایی بۆ سێ مانگ راگەیاند.

ئیدارەی ئۆباما هەڵوێستێکی دروستی گرتەبەر کاتێك ئیدانەی کودەتاکەی کرد. چونکە دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا لەلایەن سوپاوە رێگایەك نییە بەرەو دیموکراسی. لە ئێستادا بەرپرسانی ئەمەریکا دژی ئەو پاکسازییە قسە دەکەن کە لە تورکیادا دەگوزەرێت، بەڵام دەستڕۆیشتوییەکی کەمیان هەیە.

جۆن کێری رایگەیاند «ناتۆ چاودێری کاردانەوەکانی تورکیا دەکات و گوتیشی: «ناتۆ ئەرکی لەسەرشانە لە پێوەندی بە رێزگرتن لە دیموکراسییەوە.» هەروەها ئەگەری پێداچوونەوەی بە ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆدا وروژاند.

کاتێك ئەردۆگان پێشنیاری ئەوەی کرد رەنگە تورکیا سزای لەسێدارەدان بگەڕێنێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا هەڵوەشێندرایەوە، فیدریکا مۆگرینی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا هۆشداری دا لەوەی کە «هیچ وڵاتێك نابێتە دەوڵەتێکی شەریك، ئەگەر سزای لەسێدارەدان بسەپێنێت.» هەروەها رایگەیاند «ئێمە داوای رەچاوکردنی سیستمی دەستووری تورکیا دەکەین و جەخت لەسەر گرنگیی سەروەری یاسا دەکەینەوە. پێویستە تورکیا رێز لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بگرێت.» ئاشکرایە کە هۆشدارییەکەی مۆگرینی پشتگوێ خراوە.

## سۆنەر چاپتای:

# لەوانەیە پۆتین بە ئەردۆگان بڵێت واز لە ناتۆ بێنە ئێمە دەگەینە ڕێککەوتن

**هەر سەبارەت بە تورکیای دوای کودەتاکەی ١٥ی تەمموز، ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیک پەنێڵێکی بۆ هەر یەك لە (سونەر چاپتای) بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی توکیا لە ئامۆژگای ناوبراو و ( جێمس جیفری) دیپلۆماتکار و باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە تورکیا سازکرد. لەم پەنێڵەدا سۆنەر چەپتای وەك تورکێك و ئەکادیمیەکی تایبەتمەند باسی کودەتاکەی وەك کودەتایەکی ساختەکرد و بەمجۆرە شیکردەوە:**

دەمەوێت گوزارشت لە پەژارە و خەمی قووڵی خۆم بکەم کە ببینم پایتەختی تورکیا کە لە مێژوویدا داگیرنەکراوە و نەکەوتۆتەژێر حوکمڕانی دەرەکییەوە لەلایەن کەسانی تورکەوە بۆردومان بکرێت. کەواتە ئەوەی ڕوویدا هێرشکردن بوو بۆ سەر سیستمی دەستووری وڵاتەکە و هەوڵێکی شکستخواردووی کوشتنی سەرۆك ئەردۆگان بوو، ئەمەش ئاکامی گەورەی بۆ تورکیا لێدەکەوێتەوە. ئەگەر لە دوایین دوو کودەتا بڕوانین، ئەوا کودەتاکەی ساڵی ١٩٩٧ کە بە کودەتای نەرم لە قەڵەم دەدرێت، تانکەکان هاتنە نێو شەقامەکانی ئەنقەرە و هۆشداری بە حکومەت درا و حکومەتیش ناچار بوو دەست لە کاربکێشێتەوە و کودەتاکە بێ خوێنڕێژی تەواو بوو. هەروها کودەتاکەی ساڵی ٢٠٠٧یش کە بە کودەتای ئەلیکترۆنی دادەنرێت، سوپا لە وێبسایتی خۆیدا هۆشداری بە حکومەت دا دەست لەکاربکێشێتەوە، بەڵام حکومەت هۆشدارییەکەی فەرامۆش کرد و دەستی لەکار نەکێشایەوە. جیاوازی کودەتاکەی ئەم جارە ئەوە بوو کە ڕاپەڕینێك بوو لە نێو بەشێکی سوپادا "Factional Uprising"کە ٢٠٪ی ژەنەڕاڵەکان بەشدارییان تێدا کرد و بە ئومێدی سەرنجڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی سوپا بۆ ئەوەی ببێتە کودەتایەکی ڕاستەقینە، بەڵام ئەمە ڕوونەدا، بۆیە من ناوی دەنێم کودەتایەکی ساختە "counterfeit Coup" لەبەر ئەوەی هەوڵدرا بەرگی کودەتای بە بەردا بکرێت. هەروەها زۆر بە لاوازی ئەم پیلانە شەڕانگێزە جێبەجێکرا. بۆچی بە لاوازی جێبەجێکرا؟ چونکە پشتیوانییەکی بەرفراوانی لە نێو سوپادا بەدەست نەهێنا، هەروەها پلانێکی تۆکمەشیان نەبوو، چونکە خۆشحاڵانە شکستیان هێنا و نەیانتوانی ئەردۆگان بکوژن. بۆیە ئەردۆگانیش توانی دەربکەوێت و بانگەواز بۆ شوێنکەوتووانی بکات. لە هەمان کاتدا کودەتاچییەکان بە هەڵەداچوون، چونکە دەستیان بەسەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنی حکومیدا گرت بە ناوی «TRT» کە لە تورکیادا ئەگەر تەمەنت لە سەرووی ٦٠ ساڵەوە بێت، سەیری ئەم کەناڵە دەکەیت. لە بەرامبەردا ئەردۆگان مۆبایلە زیرەکەکەی هەڵگرت و بەهۆی بەرنامەی فەیس تایمەوە لە فەیسبوکەوە قسەی کرد و داوای لە پشتیوانەکانی کرد بێنەسەر شەقامەکان و کاتێکیش قسەکانی لە فەیس تایمەوە پەخشکرا، شەقامەکان پڕبوون لە خەڵك، کە ئەمەش لە تێڕوانینی مندا سەرکەوتنی دیجیتاڵە بەسەر ئەنەلۆگدا، کە مەبەستم لە دیجیتاڵیش ئەوەیە مۆبایلی زیرەك بەکاربێنێت و مەبەست لە ئەنەلۆگیش ئەوەیە کە لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی گشتییەوە پەیامی خۆت بخوێنیتەوە و بە خەڵکی ڕابگەیەنیت کە ئەمە کودەتایە. هۆکارێکی دیکە کە بە بڕوای من بووە هۆی ئەوە کودەتا ساختەیە و نەبێتە کودەتایەکی ڕاستەقینە، ئەوە بوو کە هێزی پۆلیس کە ژمارەیان ٢٥٠ هەزار پۆلیسە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بوون، ڕێگرییان لە جاندرمە کرد و نەیانهێشت سەربازگەکانیان جێبهێڵن و دەست بەسەر شەقامەکاندا بگرن. بە تێڕوانینی من ئەم کودەتایە نەك هەر تەنیا شکستی هێنا، بەڵکو خوێنڕێژی لێکەوتەوە و دابەشبوون و جەمسەرگیری قووڵیشی لە کۆمەڵگەدا دروست کرد. ئەم کودەتایەش دەرئەنجامی باشی بۆ تورکیا لێناکەوێتەوە، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە



تەفزیلی ئەم بارودۆخەی ئێستا دەکرێت بە سەر ڕوودانی کودەتادا، بەڵام هێشتا ئایندەیەکی دیموکراسی لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت. لە ئێستاشدا ئەو بانگەشەیەی کە پێیوایە ئەردۆگان ڕووبەڕووی پیلانگێڕی بۆتەوە، ڕاستی تێدایە، لەبەر ئەوەی بە ڕاستی پیلانگێڕی هەیە و هەوڵی کودەتا هەیە. کەواتە بەلای ئەردۆگان و پشتیوانەکانیەوە لە ئێستادا ئەو هەڕەشە و مەترسییە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر و ڕاستەقینەترە، ئەمەش هەواڵێکی زۆر خراپە بۆ دیموکراسیەتی تورکیا، چونکە دەستی ئەردۆگان واڵا دەکات، کە بینیمان بە دەیان هەزار ئەفسەر دەرکران و هەزاری دیکەش دەستگیرکراون. بە دڵنیاییەوە حکومەت مافی ڕەوای خۆیەتی کە لێپێچینەوە لەگەڵ پیلانگێڕەکانی کودەتاکەدا بکات و حکومەتی تورکیا باوەڕی وایە کە لە سەدا سەد بزووتنەوەی گولەن لە پشت ئەم هەوڵەوەن و ئەمەریکا چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئوسامە بن لادن دەکرد، ئەوانیش بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ گولەندا دەکەن. بەڵام بەداخەوە ئیجرائاتەکانی ئەردۆگان بەرهەڵستکارە سیاسییەکانیشی گرتۆتەوە. هەروەها ئەردۆگان ئەو دۆخە بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی بگۆڕێت، ئەمەش دەیکاتە بەهێزترین کەس لە مێژوودا، کە ڕەنگە بڵێین هێندەی ئەتاتورك بەهێز بێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەتاتورکێك دەبێت کە پشتیوانی نیوەی خەڵکی لەگەڵدا دەبێت. بە دڵنیاییەوە لەم ساتەوەختەدا مەترسیی ڕاستەقینە هەیە کە سیستمی سیاسیی تورکیا لەبەریەك هەڵوەشێت، واتە بۆ یەکەمجارە لە ماوەی چەندین دەیەدا ئێمە ئەم ئەگەرە بەدی بکەین. خۆ ئەگەر لەسەر ئاکامەکانی ئەم هەوڵی کودەتایە لەسەر سوپای تورکیا بڕوانین، ئەوا لە مەودای کورتدا ئەردۆگان پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری بە سوپادا دەکات، ئەمەش بە مانای سڕکردنی ئەنجامدانی هەندێ ئۆپەراسیۆنی سەربازی دێت، واتە هەندێ جار هاوکاری نێوان تورکیا و ئەمەریکا سڕدەکرێت، وەك دەرئەنجامێکی ناڕاستەوخۆی ئەو پێداچوونەوەیە. هەروەك ئەوەی لە بنکەی ئەنجەرلیکدا بینیمان کە بۆ یەك ڕۆژ ئۆپەراسیۆنەکان لەو بنکەیەوە ڕاگیران، لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا دەیویست فەرماندەی ئەو بنکەیە خۆی بەدەستەوە بدات کە لە کودەتاکەوە تێوەگلابوو. هەروەها تورکیا داوای بەدەستەوەدانی فەتحوڵا گولەن- کە تورکیا باوەڕی وایە لە سەدا سەد لە پشت کودەتاکەوەیە- لە ئەمەریکا دەکات، ئەمەش دەبێتە پرسی سەرەکی لە پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیادا. کە دەبێت ئەمەریکاش بە جددی ئەم پرسە وەربگرێت، بەڵام پێموایە پێویستە تورکیاش بە جددی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات.

کاریگەری دوورمەودای ئەم کودەتایە ئەوەیە کە سوپا باوەڕپێکراوترین و ڕێزلێگیراوترین دامەزراوە بووە لە وڵاتەکەدا و ئێستا میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات. هەروەها لە وڵاتێکدا کە جەمسەرگیری تێدا باڵادەستە بەسەر دوو بەرەی یەکساندا- پشتیوان و ڕکابەرانی سەرۆك ئەردۆگان- دابەش بووە، ناکرێت هەواڵێکی لەوە خراپتر هەبێت کە سوپا وەك دامەزراوەیەکی نیشتمانی هاوبەش کە هەموو تورکەکان بەشدارییان تێدا دەکرد، ئەم خەسڵەتەی لەدەست بدات. بۆ یەکەمجاریشە لە یادەوەری ئەم دواییەدا گفتوگۆی جددی لەبارەی ئەندامێتی تورکیا لە ناتۆدا بکرێت، ئەویش نەك لە واشنتۆن، بەڵکو لە ئەنقەرەدا ئەم گفتوگۆیە دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆبوونەوەیە کە بڕیارە لە نێوان ئەردۆگان و پۆتین لە مانگی ئابی داهاتوودا ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەردۆگان باس لە تاوتوێکردنی ئەگەری جێهێشتنی ناتۆ بکات، ئەوا پۆتین پێشوازی لێدەکات و ڕایدەگەیەنێت ڕووداوەکەی ئەم دواییە فەرامۆش بکە و ئێمە دەگەینە ڕێککەوتن.



### شلۆمۆ ئەڤینێری پسپۆڕی زانستەکانی سیاسەت:

# دەرکەوت بۆ رامالینی عەلمانییەتی کەمالیستی پشتگیری لە ئاک پارتی دەکرێت

**پرۆفیسۆر شلۆمۆ ئەڤینیری ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی حەیفا و ئەندامی دامەزراوەی ئەکادیمی بۆ زانست و مرۆڤایەتی ئیسرائیل، لە وتارێکیدا بۆ سایتی (سندیکیت پرۆجێکت) شکستی کودەتاکەی ئەم دواییەی تورکیای بە مردنێکی سەیر و لەسەرخۆی عەلمانییەتی کەمالیست لە تورکیا هەژمار دەکات و بەمجۆرە رای خۆی لە سەر ئەو کودتایە دەردەبڕێت:**

ئەوەی لە دوای کودەتا سەربازییە شکستخواردووەکەوە لە تورکیا دەگوزەرێت بۆتە هۆی دروستبوونی پرسیارێکی بنەڕەتی: ئایا سەرۆك ئەردۆگان بەردەوام دەبێت لە سەپاندنی هەژموونی خۆی، کە رەنگە ئەمجارەیان گیانی تۆڵەسەندنەوەشی لەگەڵدا بێت، یاخود رووداوەکاتە رکابەرانی و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو لێکترازانە قووڵە دەدات کە لە کۆمەڵگەی تورکیدا دروست بووە؟ بۆ وەڵامدنەوەی ئەم پرسیارە هەڵەیە ئەگەر تەنیا لە روانگەی کەسایەتی ئەردۆگانەوە لەوە بڕوانین کە لە ئێستادا لە تورکیادا رووەدات. چونکە ئەردۆگان و پارتەکەی- داد و گەشەپێدان- بەرجەستەکەری ئاڵ و گۆڕێکی گەورە و گرنگن لە سیاسەتی تورکیادا.

لە سەرەتای هاتنە دەسەڵاتی ئاك پارتی توانی ئاراستەی خۆسەپێنی کەمالیست بگۆڕێت. دەوڵەتێکی نەتەوەیی تاك حزبی کە خودی کەمال ئەتاتورك لە لوتکەی جەماوەریبووندا بوو- کەمالیزم نەك تەنیا ئەلیف بای لاتینی سەپاند، کە تورکیای لە مێژوو و کەلتوور دابڕی، بەڵکو جل و بەرگی تەقلیدیشی گۆڕی (شەرواڵی پیاوان و سەرپۆشی ئافرەتان) و تەواوی دانیشتووانی ناچارکرد جل و بەرگی ئەوروپی بپۆشن. دەبوو هەموو ئەو نازناوانەی ئاوازێکی عەرەبی، یان ئیسلامییان تێدابوو، بگۆڕدرێن بۆ نازناوێك کە ئاوازێکی تورکی هەڵگرتبێت.

سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان مۆدێرنیزەکردنی ئابووری بزاوتێکی کۆمەڵایەتی لای موحافیزکارەکان خولقاند، کە سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی بۆرجوازیەتی نوێ کە باوەڕیان بە بەها ئایینییە تەقلیدییەکان هەبوو. ئەم دەنگدەرانە بوونە بناغەی سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی شەرعییەتی دیموکراسی، بەڵام هەوڵی ئەم دواییە گرووپێك ئەفسەری نێو سوپا بۆ کودەتا بەڵگەیە لەسەر پێکدادانی بەردەوامی نێوان عەلمانیەت و دیموکراسی لە تورکیادا.

لە هەمان کاتدا، سیاسەتی دەرەوەی ئەردۆگان لەم ساڵانەی دواییدا بە هیچ شێوەیەك سەرکەوتوو نەبووە. پابەندبوونی بە «سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ دراوسێکاندا»، سەریکێشا بۆ تێکچوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمینیا، رووسیا، ئیسرائیل و میسر، بەڵام هیچ یەکێك لەمانە نەبوونە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانی لە ئەرۆدغان لە ناوخۆی وڵاتدا. تەنانەت دوای کودەتاکە ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا خۆیان لە دۆخێکدا بینیوە کە پشتیوانی بکەن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هێزە رۆژئاواییەکان بەرژەوەندی بنەڕەتییان هەیە لە سەقامگیری تورکیادا، یەکێتی ئەوروپا پێویستی بە تورکیایە بۆ راگرتنی هاتنی شەپۆلی زیاتری کۆچبەران، بەتایبەتی لە سووریاوە، هەروەها ئەمەریکا پێویستی پێیەتی، ئەگەرچی بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت، بۆ شەڕەکەی لە دژی داعش.

لە کۆتاییدا، دەرکەوت عەلمانییەتی کەمالیستی پشتئەستوور بە سوپا قابیلی درێژەکێشان نییە و رامالینی لە سایەی حوکمڕانی ئاك پارتیدا پشتیوانییەکی بەرفراوان لێدەکرێت.




کەمال کرزچی:

# لەوانەیە ئەمریکا بۆ رادەستکردنەوەی گولەن هاوکاری تورکیا بکات


**لە رۆژی ٢٠ی تەمموز ئامۆژگای برۆکینگز پەنێکلێکی بە ناونیشانی: (تورکیا دوای هەوڵی کودەتاکە) بۆ هەر یەك لە کەمال کرزچی، عومەر تاشبینار و شادی حەمید و مایکل ئۆهالۆن رێکخست کە هەر چواریان لە پسپۆڕە دیارەکانن لەسەر سیاسەتی تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم کۆڕەدا پرۆفیسۆر کەمال کرزجی باسی لەوە کرد ئەم کودەتایە شۆکێکی گەورە بوو بۆ تورکیا و بۆ جیهانیش بەمجۆرە باسی ئەو شۆکەی کرد:**

من کە لە ساڵی ١٩٨٣وە وەك ئەکادیمییەك کار لە بواری زانستی سیاسەت دەکەم، هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە رووداوێکی لەم چەشنە لە تورکیادا رووبدات. ئەم کودەتایە مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ وڵاتەکە و رەنگە بۆ جیهان و کەسانێکی وەك ئێمەش. ئەوەی لە رۆژی هەینی ١٠ی تەمووز لە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن پەخش دەکران، مایەی شۆك بوون. ئەوەی شۆکەکەی زیاتر کردبوو، ئاستی توندوتیژییەکە بوو. لە کودەتاکانی پێشتردا پەرلەمان نەکراوەتە ئامانج، بۆیە ئەمە شۆکێکی گەورە بوو بۆ خەڵك. چونکە خەڵکی ئەو پرسیارە دەکات کە چۆن فڕۆکەوانێك کە یەك ملیۆن دۆلار لە مەشقپێکردنیدا خەرجکراوە و دێت و بەو شێوەیە پەرلەمان بۆردومان دەکات؟ ئەمەش پرسیارێکی گەورەیە و پێویستە وەڵام بدرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن لەوە تێبگەن کە چی روویدا. پێشتر لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧١ و ساڵی ١٩٨٠ کودەتا کراون، دواتریش لە ساڵی ١٩٩٧ کودەتا روویدا ئەوەی پێی دەوترێت کودەتای پۆست مۆدێرن. لەگەڵ کودەتاکەی ساڵی ٢٠٠٧ کە پێی دەوترا کودەتای ئەلیکترۆنی.

ئێستا، لایەنێکی مشت و مڕهەڵگری ئەم کودەتایە ئەوەیە کە حکومەت بانگەشەی ئەوە دەکات ئەم کودەتایە لە لایەن گولەنییەکانەوە ئەنجامدراوە. کە فەتحوڵا گولەنیش بانگخوازێکی ئیسلامییە و لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە لە ئەمەریکا دەژی و حکومەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە جووڵانەوەکەی هەوڵی ئەوە دەدات دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا دروست بکات. بۆیە حکومەت پێداگیری دەکات کە دەبێت ئەمەریکا —فەتحوڵا گولەنی- تەسلیم بکاتەوە، پێدەچێت ئەمەریکاش هاوکار بێت، بەڵام رایانگەیاندووە کە دەبێت بە پێی رێوشوێنە یاساییەکان بێت.

لایەنی سەرسوڕهێنەر و دڵخۆشکەرەی ئەم کودەتایە ئەوەبوو کە خەڵك و پارتە سیاسییەکان و بەرهەڵستکارەکان لە پەرلەمان بێ دوودڵی و دەستبەجێ کاردانەوەیان هەبوو لە بەرامبەر کودەتاکە و ئیدانەیان کرد. بەڵام کاردانەوەی دوای کودەتاکە ئەو تێڕوانینەمان لا دروست دەکەن کە ئەمە هەڵمەتێکی پاکسازی بێت و نیشانەی پرسیاری بەدوادا دێت کە ئایا رێز لە سەروەریی یاسا دەگیرێت، بە لای کەمەوە دوای هێوربونەوەی گەردەلوولەکە؟ بەڵام ئەم هەڵمەتە تەنیا سوپای نەگرتۆتەوە. وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کۆی ٥٠ هەزار مامۆستا ١٥ هەزار مامۆستای دوورخستۆتەوە. هەروەها دەزگای قەزائیش بەر ئەم هەڵمەتە کەوتووە. کەواتە نزیکەی یەك لەسەر سێی دامەزراوە گەورەکانی تورکیا تەسفیەکراون. بۆیە ئەمە ساتەوەختێکی هەستیار و دراماتیکییە.

# کوردستان لە هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەی ئازادی و ئاشتیدا


د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

ساڵانێکی زۆر نییە کاتێ لەو کوردستانە هەندێ هێزی سەرسەختی ستەمکار هەبوون گەندەڵی و کاولکاری و ماڵوێرانییان پەیڕەودەکرد، ئەوێ ڕۆژێ گەلی کوردستان لە شەڕێکی قارەمانانەدا بوو لەپێناو ئازادی و ڕزگاربوون لە هێزە دیکتاتۆرییە ستەمکارەکان، تا ئەو ڕۆژە هات و بە ئیرادەی پۆڵایین و یەکێتیی گەل و بە قوربانیی هەزاران شەهید کە خاکی کوردستانیان بە خوێنی ئاڵیان سوورکرد توانرا کوردستان ئازادبکرێت و ئاڵای بەرزی تێدا بشەکێتەوە.

ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی چارەگە سەدەیەك بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشدا، هێزە تاریکپەرست و دواکەوتووەکان جارێکی دیکە هەوڵدەدەن دەستدرێژیی بکەنەوە سەر سنووری کوردستانی ئازادکراودا، لەلایەك پاشماوەکانی تیرۆریستانی داعش و تاوان و هێرشە دڕندانەکانیان، لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتانی دراوسێ سنوور و شارو گوندەکانمان بە پاساوو بیانووی جۆراوجۆر بۆردومان دەکەن..ئەو شتە هاوبەشەی نێوان هێرشەکانی ئەو دوژمنانە بۆ سەر خاکی ئازادی و ئاشتی و دژ بە سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، تەنیا نانەوەی پشێوی و هەڵگیرساندنی شەڕە بە درێژایی بەرەکانی سەر سنووری کوردستان.

بۆردومانەکەی ئەم دواییەی ئێران چەندین شارۆچکەو گوندی گرتەوە، ئەمەش یەکەم جار نییە، هەموو جارێکیش پاساویان بۆ ئەو بۆردومانە، گوایە ڕاونانی ئەوانەن کە بە تێکدەرو یاخی ناوزەدیان دەکەن، هەروەك چۆن ڕژێمی دیکتاتۆری پێشووی عێراق هەر ئەو ناوەی لێ نابوون، کاتێ لەو ڕۆژانەدا شۆڕشی کوردی بە خیانەت و هەڵگەڕانەوەو چەندین زاراوەی نەشیاو ناودەبرد، مەرامی ئەوانیش تەنیا ڕشتنی بوغزو کینەی ڕەشی هێزی فاشیست و تاریکی و خۆبەزلزانیی بوو دەرحەق بە گەلی کورد، قوربانییەکانی ئەو هەڵسوکەوتەشیان تەنیا خوێنی سڤیل و بێ تاوانان و خاپوورکردنی موڵك و ماڵی هەژاران بوو کە بە ئارەقی نێوچەوانیان پێکیان هێنابوو، بۆیە ئێستاش زۆر لەمێژ نییە کە دەبینین بۆ چەندین جار هەمان شت لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ دەستدرێژیی ناڕەوا بە هەمان پاساو ئەنجام دەدرێت.

لە ئاکامی ئەو بۆردومانانەشدا زیانێکی زۆر بە بێستان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان و خانووبەرە دەکەوێت و بە هەزاران مەڕوماڵاتیش لەناودەچن کە خەڵکە هەژارەکە بژێوی ژیانیان لەسەریەتی، مەرامی سەرەکیش تەنیا گرتنەبەری سیاسەتی خاکی سووتاوە بۆ دەرکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە گوندو شارۆچکەکانیان و دەستگرتن بەسەر خاکی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و قۆستنەوەی مەرام و ئامانجەکانیانە.

ئەمڕۆ سنووری کوردستان لە هەموو مەترێکیداو بە هەموو ئەگەرێك بۆتە بەرەیەکی کراوەی شەڕ..لایەنە ئیقلیمییەکان و پاشماوەکانی تیرۆر دەرگای دۆزەخیان بەرەو شەڕ واڵاکردووە کە ئاگری ئەو شەڕە بەرزبۆتەوەو هەڕەشەی تەقینەوەیەکی سەرتاسەریی لێ چاوەڕواندەکرێت ئەگەر بێتو بە داناییەو مامەڵە لەگەڵ هەر یەکێك لەو بەرانەدا نەکرێت.

لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە بۆ سەرکەوتن لە بەرەکانی سەر سنووردا یەکەم جار بەرەی نیشتمانی و ناوخۆ پتەوو مسۆگەر بکرێت، ئەمەش پێویستیی بە یەکبوونی هێزە سیاسییە کاریگەرەکان هەیە، هەروەها پێویستە ئەزموونی سەرکردایەتیی سەردەمی شۆڕش و چۆنێتیی هەنگاوەکانی سەرکەوتن بهێنرێتەو یاد، ئەمەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئاسۆی تەسکی حزبایەتی و مۆرکی ڕکابەریی کورتخایەن وەلاوەبنرێت بە تایبەیش کە دەبینین هەندێ سەرکردایەتیی حزبەکان ئەو دەرگایە دەکەنەوە کە لە ئێستادا نە چارەسەرەو نە ئەلتەرناتیڤەو لە شوێنی خۆشیدا نییە، بۆیە لێرەدا پێویستە بەر لە هەموو شتێك ئاوڕ لەو ئەولەویەتە بدرێتەوە کە ئەمڕۆ کوردستان پێویستی پێیەتی، ئەویش بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بە ئاراستەی چاوخشاندنەوە بە سەرجەم هەڵوێستەکان و دەرك کردن بەوەی کە هەموو لایەك بزانن کە بەرژەوەندیی کوردستان لە سەرووی هەموو ئەو پەیوەندییانەی نێوان لایەن و هێزە ئیقلیمییەکاندایە.

ئەم ئەرکەش دەخوازێ کە ئەو لایەنانە وەك ئەسپەکەی تروادە نەبن کە درز بخەنە نێو بەرەی ناوخۆ و لاوازی بکەن، بەمەش ڕێگا بەو دوژمنانەی کوردستان بدەن کە لەدوای سنوورەوە خۆیان بۆ مەڵاس داوە. دیارە ئەو هێزە ئیقلیمییانەش هیچ کەسێك لە دوژمنایەتیکردن ناپارێزن بەڵکو هەوڵدەدەن دزە بکەن و مەرامەکانیان جێبەجێ بکەن.

پتەویی بەرەی ناوخۆش هەروەك چۆن لە ئەزموونە سەختەکاندا ئاماژەیان پێکراوە بە یەکێتیی نێوان هێزە سیاسییەکان و پێکهێنیانی زەمینەیەکی پتەو دەست پێدەکات بە مەبەستی

بەرەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی سەرسنوور، ئەو یەکێتییە سیاسییەش لەوەدایە کە یەکسەر و بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکانی ئەم دواییە وەلاوەبنرێن و بیر لە چارەسەری ئەو کێشانە بکرێتەوە کە رووبەڕووی بەرەی ناوخۆ دەبنەوە.

دیارترین ئەو کێشانەش پێویستیی ماددی و دارایی و هەلومەرجی هەستیارن، بە واتای گەڕان بەدوای چارەسەر و ئەلتەرناتیڤ لە دەروازەی کارکردنی هاوبەش و یەکگرتووەوە دێتە ئاراوە، نەك لەوەی هەر لایەنێك هەلومەرجێك بقۆزێتەوە تا هێرش و پەلامار بۆ سەر بەرامبەر دەست پێبکات بەمەبەستی تانەوتەشەر لێدان، دیارە ئامانجیش لەوەدا راکێشانی جەماوەرە بۆ حزب یان لە قازانجی پرسێکی راگوزارو هەنووکەییدایە.

پێویستە بە تایبەتی رێکەوتنێك بە پرەنسیبەکانی راگرتنی هەڵمەتەکانی حزبیی تەسك و داخراوی راگەیاندن بڵاوبکرێتەوە، هەموو لایەکیش پابەندبن بە هەنگاوو رێوشوێنەکان بۆ ئەلتەرناتیڤی رەوشی سیاسی و پێکهاتەو دامەزراوەکانی حکومی و پەرلەمانی بە رێگەیەك کە بارودۆخەکە هێوربکاتەوە بە ئاراستەی یەکێتییەکی بەهێزی کوردستانی کە بەرەو رووی تەحەدییەکان بوەستێتەوە، بە شێوەیەك کە چارەسەری کێشەی فرەیی نەتەوەیی و ئاینی لە کوردستان بکات و کلتووری رێزگرتنی بەرامبەر قووڵبکاتەوە لە چوارچێوەی یەکێتییەکی چەسپاوی کۆمەڵگەی کوردستانی دژ بە هەوڵەکانی لێکدابڕان و گوتاری پارچەپارچەبوون کە هەندێ بانگەشەکاری کانتۆن و گاڵتەجاڕیی بازرگانیکردن بە مافەکانی گروپە ئاینی ونەتەوەییەکان پیادەی دەکەن.

ئەمڕۆ لە سەرکردایەتیی کوردستانی داواکراوە کە بە یەکجاری هەموو دەروازەکان بکاتەوەو نەخشەی ستراتیژییەکان بکێشێت کە لەگەڵ باری هەموو لایەك بگونجێت، لەسەر ئاستی سیاسی لەگەڵ بەغدا پێویستە رایەڵی پەیوەندییەکان بۆ چارەسەری گونجاو بکاتەوە بە تایبەتیش ئەوەی تایبەتە بە پێکهاتەی دامەزراوەیی فیدراڵی و پشکە داراییەکان لەوانە خەرجکردنی ئەو مووچانەی فەرمانبەران کە ماوەیەکە راگیراون وەك مافێکی شەرعیی کە هیچ سازشێك هەڵناگرێت.

پێویستە بەرەکانی شەڕی کوردستان دژ بە داعش راستەوخۆ بە هێزەکانی هاوپەیمانان چ ئاسمانی یان زەمینی بێت ببەسترێتەوە، لە رووی زیادکردنی مەشق و راهێنان و پشتگیریی لۆجیستی بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی شەڕ و تەنیا ئەوەش نەبێت کە تیرۆریستانی داعش لە سنوور دووربخرێنەوە بەڵکو بە یەکجاریی بنبڕبکرێن تاکو رێگە نەدرێن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە.

سەبارەت بە بەرەی شەڕو بوونی شانەی نوستووی سەر بە ئیسلامی سیاسی پێویستە ئەرکی هەواڵگری بەهێزبکرێت و چاودێریی جووڵەی هێزە ئیسلامییەکان بکرێت و دڵنیا نەبن لە گوتاری نەرم و خۆشاردنەوە لە پەنای لێدوانەکانیان، بە توندیش چاودێریی مزگەوت و شوێنەکانی چالاکییەکانیان بکرێت کە لە پەنای ئەو شوێنانەدا مەرامەکانی خۆیان بەدی دێنن و زمانی توندوتیژی دەکەنە بنەمای سیاسەت و جەوهەری بوونیان.

لە هەمان کاتدا سووربوون لەسەر بێلایەنیی پێشمەرگە و یەکێتیی هێزەکان و سەلامەتیی پێکهاتەکەی و بەهێزکردنی تواناکانیان و شێوازی مەشق و یەکێتیی سەرکردایەتییەکەی و کۆنترۆڵکردنی شێوازەکانی هەماهەنگیی کردنی ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕ، ئەمانە هەموویان دیارترین پلانی مسۆگەرکردنی سەرکەوتنن دژ بە داعش.

کاتێ باسی وردەکاریی هەڵوێست دەکەین لە بەرەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیاو سووریا ، پێویستە ئاماژە بکەین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر یەك لەو حاڵەتانەدا لەمەشدا سوود لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەربگیرێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ دەرفەتەکانی رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە نەخوازراوانەدا بگونجێت، لێرەدا پێویستە پشت بە هەر دوو جەمسەری ئەمریکی و رووسی و رۆڵی یەکێتیی ئەوروپا ببەسترێت بۆ ئەوەی بتوانرێت مامەڵە لەگەڵ هەموو پێشهاتەکانی سەر سنووری ئەو وڵاتانە بکرێت کە ناوبەناو دەستێوەردان دەکەن و هەڕەشە لە کوردستان دەکەن، هاوکات تۆمارکردنی سکاڵا لە رێگای ئەو کەناڵانەی بەردەستن چ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق یان وەزارەتی دەرەوەیدا بێت، هاوکات گواستنەوەی ئەو سکاڵایانە بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یاخود بۆ ئەوەی لەرێگەی پێوەندییەکاندا مافەکانی هاووڵاتیانی کوردستان نەفەوتێن و هەموو زیانێکی مرۆیی و ماددیان قەرەبووبکرێنەوە.

ئەو ئەزموونانە گەلی کوردستانیان راهێناوە لەسەر ئارامگرتن لەکاتی تەنگانەدا، هەروەها شارەزایی تەواویان بە سەرکردایەتیی رزگاریخوازیی کورد بەخشیوە تا بتوانن بەردەوام بن لە شەڕی ئازادی و سەقامگیری و بەرقەراربوونی ئاسایش، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا زۆر ترسناکەو پێویستی بە یەکێتییەکی سەرکردایەتی هەیە کە پشتی گەل بگرێت و بتوانێت هەموو هێزەکان لەیەك ئاراستەدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی مەترسییەکان لە چارەنووس و ئاییندەی ئەو گەلە دووربخاتەوە.


لەگەڵ ئەوەدا هێشتا هیواو ئاوات هەر ماوە، هەرچەند هەلومەرج و رێگا سەختەکان بەردەوام بن، بەڵام کوردستان رووەوسەرکەوتنی نوێیە و دەتوانێت برەو بە ژیانێکی بەختەوەرو گەشەدارتر بدات و هەموو دەروازەکانی پەرەپێدان و ئاشتی و دڵنیایی بۆ هاووڵاتیان بکاتەوەو مۆڵگەکانی تیرۆریستان خاپووربکات و هەموو مەترسییەکانیان لە سنوورەکانی کوردستان دووربخاتەوە.

**ئەمڕۆ سنووری کوردستان لە هەموو مەترێکیداو بە هەموو ئەگەرێک بۆتە بەرەیەکی کراوەی شەڕ..لایەنە ئیقلیمییەکان و پاشماوەکانی تیرۆر دەرگای دۆزەخیان بەرەو شەڕ والاکردووە کە ئاگری ئەو شەڕە بەرزبۆتەوەو هەڕەشەی تەقینەوەیەکی سەرتاسەریی لێ چاوەڕواندەکرێت**

**پێویستە بەرەکانی شەڕی کوردستان دژ بە داعش راستەوخۆ بە هێزەکانی هاوپەیمانان چ ئاسمانی یان زەمینی بێت ببەسترێتەوە، لە رووی زیادکردنی مەشق و راهێنان و پشتگیریی لۆجیستی بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی شەڕ**

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

# پێگەی ئایین لە دەستوورەکانی عێراقدا



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بێ گومان جیاوازییەك لە پێگەی ئایین لەنێوان دەوڵەتێك و دەوڵەتێکی دیکەدا هەیە، هەندێ دەوڵەت لە دەستوورەکانیاندا هاتووە کە دەوڵەتی ئیسلامین وەکو (سعودیەو یەمەن و مۆریتانیا و مەغریب و سوڵتاننشینی عومان) هەندێکی دیکەش هەن کە گرنگییان بە وردەکاریی ئەم بابەتە نەداوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە دەستەواژەیەکی زانراو و باو نووسیویانە کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە، ئەوانیش وەکو( تونس و ئەردەن و جەزائیرو سۆماڵ و عێراق لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا تا رۆژی رووخانی بەعس)، لە راستیدا زۆربەی ئەو دەوڵەتانە ئەو وشانەیان هەر بە شێوەیەکی تیۆری نووسیوە، تەنانەت بایەخ بە پرسی پیادەکردنی شەریعەت نادەن، لەبەر چەند هۆیەك کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، هەندێ دەوڵەتی دیکەی عەرەبی برگەیەکی دیکەیان لەگەڵ برگەی (ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە) زیادکردووە کە ئەویش برگەی (شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی یاسادانانە) وەکو( میسر و سوریاو فەلەستین و لیبیا و ئیمارات و قەتەرو بەحرەین و کوەیت) لەگەڵ جیاوازییەکی سادەی هەندێ لە دەستەواژەکانیان، هەندێ دەوڵەتیش وەکو لوبنان و جیبۆتی لە دەستوورەکانیاندا ئاماژەیان بە ئایین و شەریعەتی ئیسلامی نەکردووە، تەنیا هەندێ ئاماژەی گشتی نەبێت، لە دەستووری ساڵی ١٩٩٢ی دەوڵەتی جیبۆتی کە لە ٩٣ مادده پێکدێت، لە ماددەی یەکەمدا هاتووە: دەوڵەت یەکسانیی بەرامبەر یاسا، بەبێ جیاوازیی زمان یان رەچەڵەك یان ئیتن یان رەگەز یان ئایین، بۆ هەمووان دابین دەکات و رێز لە هەموو بیروباوەڕێکیش دەگرێت، پرەنسیپەکەشی حوکمڕانیی گەلە بۆ گەل و لە پێناو گەلدا، هەروەها لە دەستووری ساڵی ١٩٢٦ی لوبناندا کە لە ١٠٢ مادده پێکهاتووە، لە ماددەی نۆیەمدا ئازادیی رەهای بیروباوەڕ هاتووە، دەوڵەتیش بە ئەداکردنی شکۆمەندیی بۆ خوای گەورە رێز لە هەموو ئایین و مەزهەبەکان دەگرێت و ئازادیی ئەنجامدانی سرووتە ئایینییەکان بە سەرپەرشتیی خۆی دەستبەردەکات، بە مەرجێك سەرپێچی لە سیستەمی گشتیی وڵات نەکات.

جا بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەستوور تێبگەین و پێگەی ئایین لە دەستوورەکانی عێراق بزانین، لێرەدا قۆناخەکانی پەرەسەندنی ئایین لە دەستوورەکانی عێراق باس دەکەین:

١) یەکەم دەستووری عێراقی لە سەردەمی پاشایەتی (شا فەیسەڵی یەکەم) لە ساڵی ١٩٢٥ بە یاسای بنەڕەتیی عێراق ناسراوە کە لە ١٢٥ مادده پێکهاتبوو، لە ماددەی ١٣دا هاتبوو( ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە).

٢) دەستووری کاتیی عێراق لە ١٩٥٨ی سەردەمی کۆماریی عەبدولکەریم قاسم لە ٣٠ مادده پێکهاتبوو، لە ماددەی ٤ دا هاتبوو( ئیسلام ئایینی دەوڵەتە).

٣) یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕش لە یەکەم کودەتای بەعس دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣، لە ١٠٦ ماددە پێکهاتبوو، لە ماددەی ٣ دا هاتبوو(ئیسلام ئایینی دەوڵەت و یاسا بنەڕەتییەکانی دەستوورەکەیەتی).

٤) یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە(٦١)ی ساڵی ١٩٦٤ دوای هەرەسی کودەتاکەی بەعس لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف، لە ١٧ ماددە پێکهاتبوو، لە ماددەی ٣ دا هاتبوو(ئیسلام ئایینی دەوڵەت و یاسا بنەڕەتییەکانی دەستوورەکەیەتی).

٥) دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس دوای دووەم کودەتا بەسەر عەبدولڕەحمان عارف و کوشتنی عەبدولسەلامی برای، ئەم دەستوورە لە ٩٥ ماددە پێکهاتبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠دا دەستوورێکی دیکەی تازەیان هێنا کە لە ٧٠ ماددە پێکهاتبوو،بەمەش ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆك و سەدام حوسەین بە جێگر، ئەم دەستوورە کاتییە بۆ ماوەی ٣٣ ساڵ کاری پێکرا، تا رۆژی رووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بەعسییەکان هەوڵیان دا دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات بنووسنەوە، بۆیە دەستوورێکیان نووسی کە لە ٢٩٧ ماددە پێکهاتبوو، بەڵام رۆشنایی بەرنەکەوت، لەم دەستوورەشدا هاتبوو کە ئیسلام ئایینی دەوڵەتە.

٦) یاسای ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناخی گواستنەوەی ئەنجومەنی حوکم لە ساڵی ٢٠٠٤دا، ئەم یاسایە لە ٦٢ ماددە پێکهاتبوو، لە ماددەی حەوتەمدا هاتبوو کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەت و سەرچاوەی یاسادانانە، نابێ هیچ یاسایەك لەمیانی قۆناخی گواستنەوەدا دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئیسلام ناکۆك بێت کە لەسەری رێککەوتوون.

٧- دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ١٤٤ ماددە پێکهاتووە، لە ماددەی دووەمدا هاتووە کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەت و سەرچاوەی بنەڕەتیی یاسادانانە: أ/ نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئەحکامی ئیسلام ناکۆك بێت کە لەسەری رێککەوتوون.

سەبارەت بە دەستووری عێراقی دەبینین کە لە قۆناخەکانی مێژوودا پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لە سەردەمی پاشایەتیدا دەستوور بەدەق ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە، ئەو ماددەیە لەسەردەمی کۆماریشدا هەر وەك خۆی مایەوە، لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك کە هیچ لە واتاکەی ناگۆڕێت، تەنیا لێکدانەوە وراڤەکردن نەبێت، پێموایە هاتنی شیعە بۆ دەسەڵات دوای ساڵی ٢٠٠٣ رۆڵی گەورەی هەبوو لە گۆڕینی ماددەکانی دەستوور پەیوەست بە ئایین بە شێوەیەکی وردو دیراسەتکراو، بۆیە دەبینین کە لەمیانی پەرەسەندنی قۆناخەکانی ئەو ماددانەی پەیوەستن بە ئایین لە دەستووردا دوای رووخانی رژێم هەموویان مەبەستیان بەدیهێنانی داخوازیی مەرجەعییە ئایینییەکانی شیعەیە، ئەویش لەبەر زۆرینەی زانایانی شیعە و بەشدارینەکردنی ئەو کاتەی زانایانی سوننە بە شێوەیەکی کارا، چونکە زۆربەیان دژی پرۆسەی سیاسی بوون، بۆیە گۆڕەپانەکە بۆ زانایانی شیعە چۆڵکرابوو، بەڵام کورد زیاتر جەختیان لەسەر داخوازییە نەتەوەییەکانیان دەکردەوە، هەرچەندە پێموابوو کە ئەمە هەڵەیەك بوو کورد کردی، چونکە دەستوور بۆ هەمووانە، رەنگە ئەو کاتە کورد شارەزای تەواویان تێدا نەبووبێت کە وردەکاریی ئەو پرسە بزانێت، یاخود کورد خۆی لێ بێ دەنگ کردووە، لەبەرامبەر بێ دەنگبوونی شیعە لەهەمبەر هەندێ داخوازیی کورددا.

با بگەڕێینەوە قۆناخەکانی پەرەسەندنی ئەو ماددەیە لە دەستوورەکانی عێراقدا، دەبینین کە یاسای ساڵی ٢٠٠٤ی ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناخی گواستنەوەی ئەنجومەنی حوکمدا و لە ماددەی ٧ دا هاتووە کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەت و سەرچاوەی یاسادانانە، نابێ هیچ یاسایەك لەمیانی قۆناخی گواستنەوەدا دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئیسلام ناکۆك بێت کە لەسەری رێککەوتوون، ئەم ماددەیە روون و ئاشکرایە، لەم یاسایەدا هەر ئەو بڕگە هاتووە کە لە هەموو دەستوورەکانی عێراقدا هاتووە، کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە و بڕگەی سەرچاوەی یاسادانانی بۆ زیادکراوە، دواتر بۆ ئەوەی مۆرکی ئایینی بەسەر مۆرکی مەدەنیدا زاڵ بێت هاتن بڕگەی(نابێ هیچ یاسایەك وەدا دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئیسلام ناکۆك بێت کە لەسەری رێککەوتوون)یان بۆ زیادکرد، ئەمە بە رای من بڕگەیەکی لۆژیکییە، چونکە هەموو موسڵمانان بە جیاوازیی مەزهەبەکانیان لەسەر ئەو جێگیرکراوە ئیسلامییانە کۆکن، بەڵام دەبینین لە دەستووری هەمیشەییدا ئەم ماددەیە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو نامۆ گۆڕا، کە بەڵگەی بایەخدانی شیعەیە بەم بابەتانە، ئەویش لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی ئایینیی ستراتیژی ئاینی و مەزهەبیدا، بۆیە دەبینین کە لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥داو لە ماددەی دووەمدا هاتووە کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەت و سەرچاوەی بنەڕەتیی یاسادانانە:

**سەبارەت بە دەستووری عێراقی دەبینین کە لە قۆناخەکانی مێژوودا پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لە سەردەمی پاشایەتیدا دەستوور بەدەق ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە، ئەو ماددەیە لەسەردەمی کۆماریشدا هەر وەک خۆی مایەوە**

**یەکەم دەستووری عێراقی لە سەردەمی پاشایەتی( شا فەیسەڵی یەکەم) لە ساڵی ١٩٢٥ بە یاسای بنەڕەتیی عێراق ناسراوە کە لە ١٢٥ ماددە پێکهاتبوو، لە ماددەی ١٣دا هاتبوو( ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە)**

**لەمیانی پەرەسەندنی قۆناخەکانی ئەو ماددانەی پەیوەستن بە ئایین لە دەستووردا دوای رووخانی رژێم هەموویان مەبەستیان بەدیهێنانی داخوازیی مەرجەعییە ئایینییەکانی شیعەیە، ئەویش لەبەر زۆرینەی زانایانی شیعە و بەشدارینەکردنی ئەو کاتەی زانایانی سوننە بە شێوەیەکی کارا**



**ئەو ماددانە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبی دەچەسپێنن، کە ناکۆکە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و فرەییدا، بەڵکو ترس لەوەدایە لە داهاتوودا ببێتە حکومەتی مەرجەع**

أ/ نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئەحکامی ئیسلام ناکۆك بێت کە لەسەری رێککەوتوون، لێرەدا ئەم گۆڕانکاریانە هاتوون: (سەرچاوەی یاسادانانە) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی قۆناخی گواستنەوەی ئەنجومەنی حوکمدا گۆڕا بۆ (سەرچاوەی بنەڕەتیی یاسادانانە)، وشەی (بنەڕەتی)ی بۆ زیادکرا تاکو رەهەندە ئاینییەکان لە دەستووردا بچەسپێنرێن، دواتر وشەی ( ئەحکام)ی بۆ زیادکرا وەك ئاماژەیەك بۆ فیقهی ئیسلامی، مەبەستیان فیقهی شیعیی جەعفەرییە، چونکە ئەحکام جێگیر نییە، بەڵکو دەگۆڕێت، لەوەش سەیرتر وشەیەکی گرنکیان لابرد( لەسەری رێکەوتوون)، چونکە ئەگەر ئەو وشەیان بهێشتایەوە نەیاندەتوانی ئامانجە مەزهەبییەکانیان بێننەدی، چونکە سوننە لە فیقهـ و مەزهەبەکانیان لەگەڵ شیعە کۆك نین، بێ گومان ئەو ماددانە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبی دەچەسپێنن، کە ناکۆکە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و فرەییدا، بەڵکو ترس لەوەدایە لە داهاتوودا ببێتە حکومەتی مەرجەع هەروەك چۆن محەمەد باقر سەدر بناغەکەی داڕشتبوو، کە کۆپییەکی پوختەکراوی ویلایەتی فەقیهی ئێرانییە کە خومەینی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی لە ساڵی ١٩٧٩ دایمەزراند.

ئەوانە دواتر ئامانجەکەی خۆیان هێنایەدی لە یاسای باری کەسیدا، کاتێ یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩لەلایەن پۆل برێمەر هەڵوەشایەوەو یاسای باری کەسیی جەعفەری دەرچوو کە لە ٢٥٣ ماددە پێکهاتووەو حەسەن شممەری وەزیری داد کە سەر بە حزبی فەزیلەیە بە سەرۆکایەتیی مەرجەعی ئایینی یەعقوبی دەریکرد، ئەوان پشتیان بە ماددەی ٤١ ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەستبوو، کە دەڵێت: عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسییان بەپێی ئایین یان مەزهەب یان بیروباوەڕیان، تەنانەت هەر ئەو ماددەیە٤١ لە دەستووردا بە مەرامی دەرکردنی ئەم یاسایە و بەدیهێنانی ئامانجی ئایدیۆلۆجیی خۆیان نووسیبوویان.



لە یاسای دادگای فیدراڵی و لە ماددەی دووەمدا هاتووە:

یەکەم: دادگا لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و ١١ ئەندام پێکدێت.

* سەرۆکی دادگا لە دادوەران
* جێگرەکەی لە دادوەران
* حەوت ئەندام لە دادوەران
* حەوت ئەندام لە دادوەران
* دوو ئەندام لە شارەزایانی فیقهی ئیسلامی

دووەم:أ/ دادگا ئەندامێکی یەدەگی نەك بێکاری دەبێت لە شارەزایانی فیقهی ئیسلامی.

ب/ دیوانی وەقفی سوننی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا شەش کەس لە شارەزایانی فیقهی ئیسلامی کاندید دەکات ئەوانەی شارەزاییان لە بیست ساڵ کەمتر نەبێت لە ئەحکامی شەریعەتدا.

من یەکەم کەس بووم کە رەخنەم لە ماددەی ئەو یاسایە گرت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشنیارێکم پێشکەشکرد بە رەتکردنەوەی بیرۆکەی شارەزایانی فیقهی ئیسلامی، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی مەدحەت ئەلمەحمودی سەرۆکی دادگام کرد، بۆ ئەم پێشنیارەم قسەم لەگەڵدا کرد، ئەویش بە سینگفراوانییەوە قبووڵی کرد، هۆکاری گلەیی کردنم لەو ماددەیە ئەوە بوو کە وشەی شارەزایانی فیقهی ئیسلامی وشەیەکە ئاژاوە لە دادگا دەنێتەوە، شارەزایانی فیقهی سوننە، چوار مەزهەبن( حەنەفی، مالیکی، شافیعی، حەنبەلی) کەواتە لە چ مەزهەبێك ئەو فەقیهانە هەڵدەبژێریت، شارەزایانی فیقهی شیعەش سەر بە چەند قوتابخانەو مەرجەعی جیاوازن، لە چ مەرجەعێك هەڵدەبژێردرێن، بۆیە پێموایە دانانی ئەو ماددەیە لە بنەڕەتدا بۆ بەدیهێنانی مەرامی مەزهەبییە، دیاریشە کە رۆڵی زانانی سوننە لاوازە، هەتا ئەگەر رۆڵیشیان بەهێز بێت، هەڵوێستیان لە پرسە چارەنووسسازەکانی وڵات لە هەڵوێستی شیعەکان جیاوازتر نییە، بۆیە لە کۆتاییدا دادگای فیدراڵی دەبێتە ناوەندێکی مەرجەعییە ئاینییەکان و زانایانی ئایین، ئەو کاتە بڕیارەکانی بەپێی مەزهەب دەبێت، نەك بەپێی بەرژەوەندیی باڵای وڵات.

ئەوەی پەیوەستە بە پرۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان کە لە ١٢٢ ماددە پێکدێت و لە ماددەی ٦ دا هاتووە( ئەم دەستوورە رێز لە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی کوردستانی عێراق دەگرێت.. پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی بنەڕەتیی یاسادانانە، یەکەم/ نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئەحکامی ئیسلام ناکۆك بێت).

ئەوەی ئەو ماددەیەی نووسیوە یەکسەر لە دەستووری عێراقییەوە گواستوویەتییەوە، ئێمە رەخنەمان لەو ماددەیە گرت لەبەر مەترسی و هەڵەکانییەوە، دواتر هاتووە هەندێ برگەی دیکەی لە سەرەتاوە زیادکردووە، کە ئەو برگانە رەتکراونەتەوە، بەڵگەی کەم شارەزاییەتی لەم بوارەدا، هەروەها کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسییەوە، ئەگەر نا چۆن ئەو برگە ئایدیۆلۆژییانە دەنووسێت، بۆیە پێویستە ئەو ماددەیە بە تەواوی هەڵبگیرێت، پێشنیارم بەم شێوەیە: (زۆرینەی گەلی کوردستان موسڵمانن، بۆیە نابێ هیچ یاسایەك دەربچێت کە لەگەڵ بابەتە جێگیرەکانی ئەحکامی ئیسلام ناکۆك بێت کە لەسەری رێککەوتوون).

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**من یەکەم کەس بووم کە رەخنەم لە ماددەی ئەو یاسایە گرت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشنیارێکم پێشکەشکرد بە رەتکردنەوەی بیرۆکەی شارەزایانی فیقهی ئیسلامی، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی مەدحەت ئەلمەحمودی سەرۆکی دادگام کرد**

**ئەوەی پەیوەستە بە پرۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان کە لە ١٢٢ ماددە پێکدێت و لە ماددەی ٦ دا هاتووە (ئەم دەستوورە رێز لە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی کوردستانی عێراق دەگرێت.. پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی بنەڕەتیی یاساداناانە)**

# بۆچی کێشەیێن هەرێما کوردستانێ دگەڵ حکومەتا عێراقا فیدراڵ مانە هەڵاویستی و چارەسەر نەبوون؟



نەجیبە نەجیب
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پشتی روخاندنا رژێما بەعسا گور بە گور کورد برێکا پەرلەمانی بریاردا دگە ل بەغدا بمینن ل ژێر سیستەمێ فیدرال کو هاتە چەسپاندن د دەستورێ نو یێ دەولەتا عیراقێ دا کو سیستەمێ فیدرالی وپەرلەمانی وبنەماییێن دیموکراسی بەندێن سەرەکی یێن ڤی دەستوری بون، و تێدا مافێن هەمی پێکهاتەیان هاتنە پاراستن ودیارکرن بێی جیاوازی و پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ و پارێزگەهێن نەبوینە هەرێم هاتنە دیارکرن ودەستهەلاتێن فیدرالی دبەندا (١١٠) هاتنە دیارکرن ودەستهەلاتێن هاوبەش ژی هاتنەدیارکرن، ول دویف بەندێن دەستوری پێتڤی بو زێدەتر ژ (٥٠) یاساییێن دی هاتبانە دەرئێخستن وەکی یاسا (نەفت و غازێ) ویاسا دادگەها فیدرال ویاسا مجلس الاتحاد (ئەنجومەنا فیدرال) ویاسا دروستکرنا دەزگەهەکێ ژبو چاڤدێریکرنا دابەشکرنا داهاتیێ فیدرال و دەهان یاساییێن دی یێن زور گرنگ ژبو برێڤەبرنا دەولەتێ ودروستکرنا متمانێ و باوەریێ دناف پێکهاتییێن عیراقێدا.

بەلێ دەستور هاتە بکارئینان بو بەرژەوەندیا لایەنێ بریار د دەستیدا ولڤێرێ بریارا سیاسی کەفتە دەستێ حزب الدعوە و ب پراکتیکی سیاسەتا حوکمرانییێ ل عیراقێ بەرەف تاکرەوییێ چو، راستە ل دویف دەستوری مالکی سەروکێ ئەنجومەنێ وەزیرانە نە سەروکێ وەزیرانە ئانکو ئەنجومەنێ وەزیران یێ بەرپرسە ژ دانان و جێبەجێکرنا سیاسەتا دەولەتێ و د ڤی ئەنجومەنیدا وەزیرێن هەمی پێکهاتەیان تێدا هەنە.

ساڵا ٢٠١٠ پشتی مالکی بو جارا doوییێ بویە سەروکێ ئەنجوومەنێ وەزیران و تاکرەویی هاتە بکارئینان بو رێڤەبرنا هەمی کەرتان (دارایی، سیاسی، ئەمنی، بەرگریی، ئابوریی...) و حەتا بریارێن دادگەها فیدرال کەفتنە بن حەز و بوچونا سەروك وەزیران بو نمونە (بریاردان کو کوتلا سیاسی ئەوە ئەوا ل پشتی هەلبژارتنان دهێتە دروستکرن).

یا خویایە کو گەلەك کێشە هەرێما کوردستانێ هەنە دگەل حکومەتا عیراقا فیدرال ول جهێ بهێنە چارەسەرکرن و کێمکرنا وان ئەف کێشە هەر بوونە گەلەك و بونە قەیران و گەهشتە وی رادەی کو کارتێکرنێ بکەت لسەر معاملێن روژانە یێن هاوولاتییێن کورد و دویفچونێ ل دامودە زگەهێن گرێدای ب حکومەتا بەغداڤە وەك (تاپو، رەگەزنامە

،پاسپۆرت ) و هەر رێڤەبەریەکا دی بیت، و ئەف معاملە برێڤە ناچیت چنکو کوردن.

و یاژ هەژیە بهێتە گوتن کو هەرێما کوردستانێ بریارا سەرکردەیێن سیاسیێن کوردستانێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ گەلەك جاران سەرەدانا حکومەتا بەغدا کریە و دگەل کەسێن خودان بریار گفتوگوکرن ژبو چارەسەرکرنا کێشێن هەرێمێ دگەل حکومەتا فیدرال وهەروەسا هەولدان و بجددی کارکر ژبو راستڤەکرنا سیاسەتا نە دروست یا بەغدا ودانانا رێکەکا دروست ژبو برێڤەبرنا حکومرانیا عێراقا فیدرال و نەهێلایە شکستن بکەڤیتە پروسێسا سیاسی ل دەولەتا عیراقێ ، وئەڤە یا ئاشکرابو ل رێکە فتنێن هەڤلێرێ ئەوێن هاتینە ئیمزاکرن دناڤبەرا ئالیێن سیاسی یێن عیراقێ پشتی دەستپێشخەریا جەنابی سەروکێ هەرێما کوردستانێ هاتیە کرن وتێدا بەرنامەکێ تێر و تەسەل یێن چاکسازیێ هاتیە راگەهاندن (سیاسی، ئابووری، دادوەری, دەرئێخستنا یاسایان) هەروەسا هەمی خالێن ناکوکی دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ و بەغدا بهێنە چارەسەرکرن بو نمونە ئە نجامدانا سەرژمێریارا گشتی جێبەجێکرنا ماددا ١٤٠ وچە سپاندنا شەراکەتا راستەقینە د حوکمڕانیا عیراقێدا. براستی عەقلیەتا ئیدارەکرنا دەولەتێ بەرەف لادانا سیستەمی فیدرالی و لامەرکەزیەتێ وکێمکرنا دەستهەلاتا ئیداری ودارایی یا هەرێما کوردستانێ وەك پارێزگەهەك بهێتە تەعامول کرن.

کێشا سەرەکی ل عیراقێ عەقلیەتا ئیدارەکرنا دەولەتا عیراقێ نە قەبوول کرنا شەراکەتا راستەقینە، و سەپاندنا ئیرادەیا لایەکی لسەر هەمی لایەنێن دی وبریارا ئەمنی وبەرگری وسامانێ دەولەتێ کەفتە بن دەستێ تاکە حزب وتاکە کەس و دەرئەنجامێن وێ هاتنا داعش وکەفتنا ٣٠٪ ژخاکا عیراقێ د دە ستێ داعشدا، و زێدەتر ژ ٩٥٠ ترلیون دینارێن عیراقی هاتنە ب هەدردان و مەزخاندن بێی کو گوهرینەکا باش د رەوشا خزمەتگوزاریێ رەنگڤە دەت وبەروڤاژی دروستبونا ئیرادەیەکێ ژبو لاوازکرنا ئیدارا هەرێما کوردستانێ.

کێشەیا هەر بەرچاڤ دناڤبەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و حکومەتا عیراقا فیدرال بڕینا بودجا هەرێما کوردستانێ بو زێدەتر ل دوو سالان ژلایێ مالکی ڤە و هەتا نوکە یا بەردەوامە سەرەڕای کو چەندین گفتوگو و دان و ستاندن هاتنە ئەنجامدان ژلایە هەردوو لایان ڤە.

ئەگەر ئەم بهێین بەحسێ بەشە بودجا هەرێمێ بکەین دێ بینین کو ل دویف دەستورێ هەمیشەیێ عیراقێ بەشە بودجا ل دویف بە ندا ١٢١ هاتیە دیارکرن (تحدد حصە من الایرادات الاتحادیە) هەریما کوردستانێ (١٧٪) کو هاتیە چەسپاندن د یاسا بودجەیێن عیراقا فیدرالدا وئەف رێژەیە ل سالا ٢٠٠٤ هاتیە دیاریکرن وهەمی چاڤەرێی ئەنجامدانا سەرژمێریارا گشتی ودانانا رێژەیە کا واقعی ل دویف داتایێن دروست بەلێ پشتی بورینا (١٢) دوازدە سالا ئەڤ رێژەیە نەهاتیە گوهرین. و کوژمێ پارەیێ هەرێما کوردستانێ مایە لسەر حکومەتا عیراقا فیدرال ژ سالا ٢٠٠٥ حەتا دوماهیکا سالا٢٠١٣ (٤٢) چل و دوو ترلیون دینارێن عیراقی و (١٦) شازدە ترلیون یێن سالا ٢٠١٤ و هەروەسا (١٢) دوازدە ترلیون دینار، و لڤێرێ بو هەردوو سالێن ٢٠١٤ و ٢٠١٥ حکومەتا عیراقێ داخازیا داهاتێ پەترولێ دکەن ژ حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

بدیتنا من بریارا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بو سەربەخویا ئابوری یا دروست ودجهێ خو دابو چنکو سیاسەتا حکومەتا عیراقا فیدرال بو کەرتێ سامانی (نەفت و غاز)دڤیا هەمی بدەستێ وبریارا سەروك وە زیران بیت و هەرێم وەکی پارێزگەهەکێ بهێتە تەعامول کرن وئەڤە ئاشکرابو دەمێ حکومەتێ پاشەکشی کری ژ دەرئێخستنا پروژێ یاسا نەفت و غازا ولادان ژ وێ رێکەفتنێ هاتە کرن ئەوا حکومەتا هەرێمێ دگەل حکومەتا عیراقا فیدرال ئیمزاکری. بەلێ چاکسازی و دانانا پیلانەکا ئابووری توکمەیا فەرە.

هندەك دبینن کێشا خاك مایە ئان جێبەجێکرنا ماددا ١٤٠ و ڤەگەراندنا دەڤەرێن دەرڤەیی هەرێمێ بەلێ خاکا کوردستانێ بدەستێ پێشمەرگەیێن قارەمان هاتیە ڤەگەراندن و ماددا (١٤٠) جێبەجێ بویە و ئەنجامدانا گشتپرسیێ (استفتاء) وەك دوماهیك قوناغا دەستوری بو بەرسف و وەلامدان هەرلایەنەکێ .

براستی باشترین رێك هەر گفتوکو و دانوستاندنە دناڤ بەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ تەئکید ل سەر دیالوك و دانوستاندن کو تاکە رێگایەکە بو چارەسەرکرنا کێشێن هەلاویستی و بدیتنا من یا فەرە لیژنەك یان دەزگەهەك بەردەوام کارێ پێداچونا خالێن رێکەفتن بهێتەکرن چونکو دەزگەهەك نییە بو دویفچونا جێبەجێ کرنا هەمی خالان.

**بریارا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بو سەربەخویا ئابوری یا دروست ودجهێ خو دابو چنکو سیاسەتا حکومەتا عیراقا فیدرال بو کەرتێ سامانی (نەفت و غاز)دڤیا هەمی بدەستێ وبریارا سەروك وە زیران بیت و هەرێم وەکی پارێزگەهەکێ بهێتە تەعامول کرن وئەڤە ئاشکرابو دەمێ حکومەتێ پاشەکشی کری ژ دەرئێخستنا پروژێ یاسا نەفت و غازا ولادان ژ وێ رێکەفتنێ هاتە کرن ئەوا حکومەتا هەرێمێ دگەل حکومەتا عیراقا فیدرال ئیمزاکری**

**کێشەیا هەر بەرچاڤ دناڤبەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و حکومەتا عیراقا فیدرال بڕینا بودجا هەرێما کوردستانێ بو زێدەتر ل دوو سالان ژلایێ مالکی ڤە و هەتا نوکە یا بەردەوامە سەرەڕای کو چەندین گفتوگو و دان و ستاندن هاتنە ئەنجامدان ژلایە هەردوو لایان ڤە**